کاریگەریی ستراتیژی (باخچەی بیرۆکەکان) لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی لای خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی زمانی کوردی لە بابەتی دەقە وێژەییەکاندا

م.ی. ڕووناک غازی محەمەد مەندەلاوی
زانکۆی بەغداد- کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد

وشە سەرەکییەکان: باخچەی بیرۆکەکان، دەستکەوتی دەقە وێژەییەکان، بیرکردنەوەی ئاماژەیی

پوختەی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانینی کاریگەریی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی لای خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی زمانی کوردی لە بابەتی دەقە وێژەییەکاندا. بۆ دڵنیابوون لە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، توێژەر گریمانەیەکی سفریی داڕشت.

توێژەر پشتی بە دیزاینی گرووپی هاوسەنگ بەستووە، کە دوو گرووپی لەخۆ دەگرێت: گرووپی ئەزموونی خوێندکارانی بابەتیان بەپێی ستراتیژی (باخچەی بیرۆکەکان) دەخوێند و گرووپی کۆنترۆڵکراو کە خوێندکارانی هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێند و بە تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ گۆڕاوی دەستکەوت.

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی بەغداد، لە ساڵی خوێندنی (2024–2025). توێژەر بەمەبەست قۆناغ و بابەتی دەقە وێژەییەکانی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە. دوو گرووپی هەڵبژارد، هۆبەی (أ) کە ژمارەی خوێندکارانی (21) بوو و بە گرووپی ئەزموونی و هۆبەی (ب) کە ژمارەی خوێندکارانی (20) بوو بە گرووپی کۆنترۆڵکراو. بۆ دڵنیابوون لە ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی ئامادەکرد، کە لە (30) بڕگە لە جۆری پرسیاری (هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک) پێکهات.

لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کە توێژەر پێی گەیشت، بوونی کاریگەری ئەرێنی ستراتیژی (باخچەی بیرۆکەکان) لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکاران بەراورد بە ڕێگا ئاساییەکە و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی لای خوێندکاران.

کێشەی توێژینەوەکە:

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە مەعریفی و شۆڕشی زانیاریەی کە جیهان پێیدا تێپەڕ دەبێت و پێویستیی پێشکەوتن لەگەڵیدا، بەڵام واقیعی ئێمە پێمان نیشان دەدات کە ئەو شێواز و ڕێگایانەی وانەوتنەوە کە لە دامەزراوە فێرکاریەکانماندا بەکاردەهێنرێن، بە جیاوازیی قۆناغەکانیانەوە و لە نێویاندا قۆناغی زانکۆ، بەدەست لاوازیەکی بەرچاوەوە دەناڵێنن لە سەرجەم لقەکانی زمانی کوردیدا. ئەم کێشەیە تا دێت ڕوو لە زیادبوونە تا وای لێهاتووە بووەتە دیاردەیەکی جێی نیگەرانی لە دیاردەکانی پاشەکشەی زانستی و کەلتووری. کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم لاوازیە لە واقیعی فێرکاریماندا دەردەکەوێت؛ بەو پێیەی وێژە گرنگیی پێنەدراوە و وەک پێویست نەخوێندراوە؛ هەر بۆیە پێگەی شایستەی خۆی وەرنەگرتووە، و کاریگەریی ئەمەش لە لاوازیی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران لە وێژەدا دەرکەوتووە، ئەمەش ئەوەیە کە

توێژینەوەکانی پێشوو جەختیان لێ کردووەتەوە .(کشاش، 2002) و(علي، 2002) و(البصير،٢٠٠١) و (خليل،2016) و(زەنگەنە،٢٠٢٤).

هۆکارەکانی کێشەی دەستکەوتی دەقە وێژەییەکان ڕەنگە لە خوێندکار، مامۆستا، پڕۆگرامی خوێندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا بەرجەستە بن، بەڵام دیارترین هۆکاری کاریگەر بریتییە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی پەیڕەوکراو؛ چونکە یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران. (عطية، 2009، 29). هەندێک جار مامۆستا ڕێگایەکی وانەوتنەوە بەکاردەهێنێت کە ڕۆڵی خوێندکار لە وەرگرتنی مەعریفەدا پەراوێز دەخات و لە کارایییەکەی دووری دەخاتەوە و ڕێگە نادات خودی خۆی لە درکپێکردنی ئەوەی دەخرێتە ڕوو دەربخات، هەروەها مامۆستا دەکاتە کەسی زاڵ و تاکڕەو لە پرۆسەی فێرکردندا کە تایبەتمەندییەکی نەرێنی هەیە لە شیکردنەوەی دەقە وێژەییەکاندا. (زاير وداخل، 2015، 17).

توێژەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە "عطية" ئاماژەی پێداوە "کە کێشەی سەرەکی لە زۆربەی ڕێگا باوەکانی وانەوتنەوەدا ئەوەیە کە ڕۆڵی سەرەکی و ئەرێنی دەداتە مامۆستا، و ئەو سەرچاوەی مەعریفە و ئەزموونە، بەڵام خوێندکار ڕۆڵێکی نەرێنی هەیە و تەنها وەرگرە و لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا کارا نییە، ئەمەش پێچەوانەی پەروەردەی هاوچەرخە کە جەخت لەسەر ڕۆڵی ئەرێنی خوێندکار، چالاککردنی ڕۆڵی و تیشک خستنە سەر بەشداریکردنی لە فێربوونداً دەکاتەوە". (عطية، 2008، 42).

بە پشتبەستن بەمەی پێشوو، توێژەر بۆی دەرکەوت کە پابەندبوون بە ڕێگای کلاسیکییەوە چیتر بەس نییە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی، و پێویستە ڕێگا و مۆدێلە هاوچەرخەکان لە وانەوتنەوەی بابەتەکانی زمانی کوردیدا بەکاربهێنرێن، بۆیە توێژەر ستراتیژیی (باخچەی بیرۆکەکان)ی هەڵبژارد؛ بەو پێیەی یەکێکە لەو ستراتیژییانەی کە یارمەتیدەرە لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن و چارەسەرکردنی لاوازیبان لە بابەتی دەقە وێژەییەکاندا، ئەویش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە:

(ئایا ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان کاریگەریی هەیە لەسەر دەستکەوتی بابەتی دەقە وێژەییەکان لای خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە بەشی زمانی کوردی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی؟)

گرنگی توێژینەوەکە:

ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ستراتیژییەکانی بە یەکێک لە توخمە گرنگەکانی پڕۆگرامی خوێندن دادەنرێن، چونکە پەیوەندییەکی پتەویان بە ئامانج و ناوەڕۆکەوە هەیە، هەروەها کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر هەڵبژاردنی ئەو چالاکی و هۆکارە فێرکارییانەی کە پێویستە لە پرۆسەی فێرکردندا بەکاربهێنرێن. (عبدالهادي واخرون، 2003، 114).

گومان لەوەدا نییە کە سەرکەوتنی وانەوتنەوە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە سەرکەوتنی ڕێگاکەوە، و ڕێگایەکی باش دەتوانێت زۆرێک لە لاوازیی خوێندکار و لاوازیی پڕۆگرامی خوێندن چارەسەر بکات، چونکە زۆربی و دەوڵەمەندیی بابەتەکە بێسوود دەبێت ئەگەر ڕێگایەکی باشی وانەوتنەوەی لەگەڵدا نەبێت. ئەگەر مامۆستایان لە ڕووی بابەت و کەسایەتییەکانیانەوە جیاواز بن، ئەوا ئەم جیاوازییە لە ڕووی ڕێگای وانەوتنەوەوە کاریگەربی زیاتری دەبێت، لێرەوە دەردەکەوێت کە کۆڵەکەکانی پرۆسەی وانەوتنەوە بازنەیەک پێکدەهێنن کە تەواو نابێت مەگەر

بە هاوپشتی و تەواوکاریی ئەم کۆڵەکانە نەبێت، بۆیە مامۆستایەکی سەرکەوتوو هەیە ڕێگایەکی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو و بەسوود پێشکەش دەکات بۆ وتنەوەی بابەتێکی خوێندن (الهاشمي،2008، 35).

بۆیە توێژەر بە باشی زانی یەکێک لە ستراتیژییە هاوچەرخەکانی فێربوونی چالاک تاق بکاتەوە لەسەر دەستکەوتی خوێندن و بیرکردنەوەی ئاماژەیی لای خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە بەشی زمانی کوردی، ئەویش ستراتیژی (باخچەی بیرۆکەکان)ە. ئەم ستراتیژییە پێویستی بە چالاکییەکی عەقڵی و بیرکردنەوەیەکی تاکی قووڵ هەیە بۆ بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی بیرۆکە لەبارەی کێشەیەک یان پرسیارێکی دیاریکراو و گفتوگۆکردن لەسەریان. ئەمە کار دەکات بۆ زیادکردنی پاڵنەری خوێندکاران بۆ بیرکردنەوە بەوپەڕی توانایانەوە؛ بەو پێیەی لەلایەن مامۆستاوە ڕووبەڕووی پرسیار دەبنەوە، بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی ئاستی دەستکەوتیان نزمە و ئەوانەی گۆشەگیرن لە هەر گروپێک لە گروپەکانی پۆلدا. ئەم ستراتیژییە گرنگییەکی گەورەی هەیە چونکە خوێندکار لە دۆخی گوێگرتن، لەبەرکردن، و نەرێنیبوون لە فێربووندا دەگوازێتەوە بۆ دۆخی بیرکردنەوە، تێڕامان، و ئەرێنیبوون لە فێربووندا، هەروەها یارمەتیدەرە لە وروژاندنی ئارەزووی خوێندکاران بەرامبەر بە بابەتی فێرکاری. ئەمەش دەرئەنجامی ئەو ڕۆڵە چالاکەیە کە هەر خوێندکارێک دەیگێڕێت کە خۆی لە بیرکردنەوەی تاکەکەسی بۆ خستنەڕووی چەندین بیرۆکە سەبارەت بە پرسیارە وروژێنراوەکە و گفتوگۆکردن لەپێناو ڕێکخستنی ئەم بیرۆکانەدا دەبینێتەوە. (امبو سعيدي وبنت علي، 2016، 408).

گرنگیی زمان و وێژە (ئەدەب) تەنها لە پرۆسەی فێربووندا کورت نابێتەوە، بەڵکو گرنگییەکەی لە فرەیی ئەرکە فیکری، کەلتووری، دەروونی، و کۆمەڵایەتییەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت. لە ڕووی فیکرییەوە، زمان بەرهەمی پەرەسەندنی بیری مرۆڤایەتییە، چونکە ژمارەیەک لە توێژەران لەم بوارەدا پێیان وایە کە زمان یەکێکە لە ئامرازە کاراکانی بیرکردنەوە، کە هێماکان بە تاک دەبەخشێت، چەمک و واتاکانی بۆ دیاری دەکات، و توانای پێدەدات بڕیارەکان دەربڕێت. لە ڕێگەی زمانەوە، واتاکان لە دەروونداڕێکدەخرێن و جووڵەی ئاخاوتن دەست پێدەکات، کە لە پەیوەندییەکی دەروونی و عەقڵی ئاخێوەرانەوە لە نێوان دەلالەتێکی دیاریکراو و کۆمەڵێک دەنگ کە هێمای بۆ دەکەن دەست پێدەکات، و زۆر خێرا دەگوازرێتەوە بۆ پرۆسەیەکی ئەندامی لە ڕێگەی ئاماژە دەماریەکانەوە کە عەقڵ دەیانناڕێت بۆ ئامێری ئاخاوتن؛ بە مەبەستی بەرهەمهێنانی دەنگی داواکراو. (الرفاعيّ، 2008، 441).

گرنگیی بیرکردنەوەی ئاماژەیی لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاودایە بۆ ئەو کێشە تیۆری و پراکتیکییانەی کە ڕەنگە مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوویان ببێتەوە و بەردەوام نوێ دەبنەوە، ئەمەش پاڵنەرە بۆ ئەوەی هەمیشە بەدوای ئەو شێوازانەدا بگەڕێت کە توانای تێپەڕاندنی سەختی و بەربەستەکانی پێدەبەخشن. بیرکردنەوە لە پرۆسە مەعریفییەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە بەوەی کە باڵاترین و ئاڵۆزترینیانە، و بە تواناترینیانە لەسەر بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانیاریی نوێ. (العفون وعبدالصاحب، 2012، 27).

توێژەر پێی وایە گرنگیی بیرکردنەوەی ئاماژەیی لەوەدایە کە شێوازێکە دەچێتە ناو زۆرێک لە شێوازەکانی فێربوون و فێرکردنەوە، کە تێیدا خوێندکاران هەڵدەستن بە لەخۆگرتن یان

پێکهێنانی گرێمانەکان و دۆزینەوەی ڕاستییەکان بە بەکارهێنانی پرۆسەکانی بەدواداچوون و هەڵێنجان. هەروەها بەڵگەهێنانەوەی دروست دەبێتە هۆی بەدیهێنانی متمانەی مرۆڤ بە حەتمیەت و پێویستی ئەو ئەنجامانەی کە پێیان دەگات، و بیرکردنەوەی ئاماژەیی دەبێتە هۆی ڕێکخستنی ئەزموونە پێشووەکانی تاک و بەستنەوەیان بە ئەزموون و ڕێگا نوێیەکانەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا.

بە پشتبەستن بەوەی پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەکرێت گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:

١. گرنگی ڕێگا هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە و ئەو مۆدێلە فێرکارییانەی کە لەخۆی دەگرێت بۆ گەیاندنی بابەتەکە بە خوێندکاران، کە تێیدا دەرفەت ڕەخساوە بۆ ئاراستەکردنیان بە جۆرێک کە ئارەزوو و چالاکییەکانیان گەشە پێبدات.

٢. گرنگیی بابەتی دەقە وێژەییەکان بەگشتی لەوەدایە کە بابەتێکی بنەڕەتییە و زانیاریی سەرەتاییە گرنگەکان بە خوێندکاران دەبەخشێت لەبارەی وێژەی کوردی و گرنگترین ئەو سەردەمانەی پێیدا تێپەڕبوە لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەسەندنی.

٣. گرنگی بیرکردنەوەی ئاماژەیی، کە ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە بە باڵاترین جۆری چالاکییە فیکرییەکان دادەنرێت، و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیشتن بە ئەنجامی بەسوود لە ڕێگەی پرۆسە عەقڵییە باڵاکانی وەک خەیاڵکردن و پەتیگەری و هۆکارگەرایی بەمەش ئامانجەکانی فێربوون بەدی دەهێنێت.

سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئەمانەی خوارەوەیە:

1. زانینی کاریگەریی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان لە دەستکەوتی بابەتی دەقە وێژەییەکان لای خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە بەشی زمانی کوردی.
2. زانینی کاریگەریی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی لای خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە بەشی زمانی کوردی.

چوارەم: گرێمانەکانی توێژینەوەکە:

1. هیچ جیاوازییەکی ئاماریی واتادار نییە لە ئاستی پێوانەیی (٠,٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری کە بابەتی دەقە وێژەییەکان دەخوێنن بەپێی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان و تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت دەخوێنن بەپێی ڕێگای کلاسیکی.
2. هیچ جیاوازییەکی ئاماریی واتادار نییە لە ئاستی پێوانەیی (٠,٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری کە بابەتی دەقە وێژەییەکان دەخوێنن بەپێی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان، و تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت دەخوێنن، لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ئاماژەییدا.

پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە دیاری دەکرێت بە:

1. سنووری مرۆیی و شوێنی: خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی بەغداد.
2. سنووری بابەتی: پرۆگرامی بابەتی دەقە وێژەییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، کە بابەتەکانی بریتین لە: (چەمکی دەقی وێژەیی، پێناسەی دەق، جۆرەکانی دەقی وێژەیی، پێناسەی وێژە و مێژووی سەرهەڵدانی وێژەی کوردی، مەبەست و ئامانج لە دەقە وێژەییەکان، پێناسەی هۆنراوە، جۆرەکانی هۆنراوە، سەرهەڵدانی هۆنراوە، شیعر لە ڕوانگەی (ئەفلاتون و ئەرەستۆ)وە، پێناسەی پەخشان، جۆرەکانی پەخشان، شیعر کۆنترە یان پەخشان، جیاوازیی نێوان شیعر و پەخشان، چەند نموونەیەک لە هۆزانقانە ناودارەکانی کورد لەگەڵ چەند نموونەیەک لە هۆنراوەکانیان: بابا تاهیری عوریان، بێسارانی، مەلای جزیری، نالی، پیرەمێرد).
3. سنووری کاتی: کۆرسی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

شەشەم: دیاریکردنی زاراوەکان

یەکەم: کاریگەری: پێناسە کراوە لەلایەن:

- الشمري: "ئەو شتەیە کە بە کردەیی بەدیهاتووە، چونکە لە شتێکی ترەوە پەیدا بووە، و بە واتایەک هاوواتای زانراو یان هۆکارلێکراوی شتێکە". (الشمري، 2002، 28).

- داود: "ئەوەیە کە دەمێنێتەوە لە دوای نەمانی شتێک یان زۆربەی، هەروەها ڕەنگە دیار بێت، یان شاراوە بێت و پێویستی بە گەڕان و پشکنین هەبێت بۆ زانینی". (داود، 2008، 30).

- پێناسەی کارەکی: گۆڕانکارییەکی مەعریفی مەبەستدارە لەلایەن توێژەرەوە کە لای (نموونەی توێژینەوە) ڕوودەدات لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بە هەردوو گۆڕاوی ستراتیژیی (باخچەی بیرۆکەکان) و (بیرکردنەوەی ئاماژەیی)، و لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی دواییەوە دەپێورێت.

دووەم: ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان: پێناسە کراوە لەلایەن:

- (محمود، 2006): دەرئەنجامی ئەو بیرۆکانەیە کە مێشکە ڕووناکەکان دەیانخەنە ڕوو و لەڕێگەیەوە سەرچاوە دەگرن بۆ پاراستن و پاڵپشتیکردنیان لە بواری دروستکردنی بیرۆکەکان و لێکۆڵینەوە لە وردەکاریەکانیان و هەڵسەنگاندنی ماوەی گونجانیان. (محمود، 2006، 422).

- (علي، 2011): شێوازێکی وانەوتنەوەیە کە لەسەر بنەمای گفتوگۆی بەکۆمەڵ دامەزراوە بۆ بەرهەمهێنانی پیتدارترین و سەرکەوتووترین بیرۆکە فراوانەکان کە وردەکاریان بۆ دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێن بۆ ئەوەی ببنە چارەسەر بۆ ئەو کێشەیەی خراوەتە ڕوو. (علي،2011، 10)

- پێناسەی کارەکی بۆ ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان: ستراتیژییەکی بونیادنەری بەدواداچوونی هەرەوەزییە کە پێکدێت لە کۆمەڵێک ڕێکار و هەنگاوی هاوسەنگ و هاوکات، کە بە دروستکردنی کۆمەڵێک بیرۆکە دەست پێدەکات و وردە وردە دەچێتە سەر بیرۆکە وردەکان بۆ هەڵسەنگاندنیان و هەڵبژاردنی باشترینیان، هەروەها بەرهەمهێنانی بیرۆکەی وا کە تایبەتمەندن بە هەمەجۆری و جیاوازی، و بیرکردنەوە لە جێگرەوەیەک کە بیرۆکە نەڕێنییەکان دەگۆڕێت بۆ جێگرەوەی وا کە لەلایەن هەمووانەوە پەسەندکراو بێت.

سێیەم: دەستکەوت: پێناسە کراوە لەلایەن:

-(الجبوري): "ئەو زانینەی کە خوێندکاران بەدەستی دەهێنن، بە پێی ئاستی نمرەکانیان لە تاقیکردنەوەدا پێوانە دەکرێت (الجبوري، 2026، 2533).

- (علام): "ئەو ئاستی بەدەستهێنانە کە تاک بەدەستی دەهێنێت، یان ئەو ئاستەی سەرکەوتنە کە تۆماری دەکات یان پێی دەگات لە بابەتێکی خوێندن یان بوارێکی دیاریکراوی فێرکاری یان وانەوتنەوەدا". (علام، 2000، 305).

- (زاير و داخل): "ئەو توانایانەیە کە خوێندکار هەیەتی لە ئەزموون و زانیاریەکان، کە دەتوانێت بیانخاتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی زۆرترین ژمارەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی دەکرێن". (زاير و، داخل، 2015، 149).

- پێناسەی رێکاری: ئەو بەرهەمە فێرکاریانەیە لە مەعریفە و زانیاری و ئەزموون کە خوێندکاران بەدەستیان هێناوە دوای فێربوونی وانە دیاریکراوەکانی بابەتی وێژە و دەقەکان بەپێی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان لە وەرزی یەکەمی خوێندندا و، بە شێوەیەکی کارەکی پێوەر کراوە بەو نمرەیەی کە خوێندکاران بەدەستیان هێناوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە.

چوارەم: دەقە وێژەییەکان

-(خليفاني) دەق ئەدەبی ئەو پارچە ئەدەبی یەیە لە کەلەپووری ئەدەبییەوە، کۆن یان نوێ، هەڵدەبژێررێت و تام و چێژێکی ئەدەبییەوە، کۆن یان نوێ، هەڵدەبژێررێت و تام چێژێکی هونەریی وتایبەتی تێدایە، بیرێکی تەواو سەرلەبەر، یان چەند بیرێکی تێکبەستراوە، دەگرێتەخۆیەوەو، بۆ قوتابیانیش سەرچاوەی چیژی ئەدەبی وهەڵێنجانی ئەحکامی ئەدەبییە .(خليفاني، ١٩٨٩، ١٦٨)

- (ئەڵوەنی)دەڵێت دەق ئەدەبی چنراوێکە لە وشە و دەستەواژە و کۆمەڵێک پێکهاتە لە ئەنجامی یەککرتن و کارلێکی ئەم پێکهاتانە چەمکی دەق دروست دەبێت .(ئەڵوەنی،٢٠١٢،ل١٥-١٦)

- پێناسەی رێکاریی بۆ دەق : دەق نووسراو بریتییە لەو پارچە نووسینەی کە لە چەند پەرەگرافێك پێکدێت، هەر پەرەگرافێك بەشێکی ناوەرۆکی نووسینەکە دەگرێتە خۆی و بە هەموو پەرەگرافەکانیش واتا گشتییەکەی بابەتەکە پێک دەهێنێت.

پێنجەم: گەشەپێدان: پێناسە کراوە لەلایەن:

- صبري: "زاراوەیەکی گشتییە ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەک کە ئامانجی گەشەکردنی شتێک و باشترکردن و بەرەوپێشبردن و بەرزکردنەوەیەتی لە ئاستێکی نزمترەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر". (صبري، 1997، 157).

- السيد: "بەرەوپێشبردن و باشترکردنی ئاستی فێرخوازە و تواناداركردنیەتی بۆ شارەزابوون لە سەرجەم کارامەییەکان بە ئاستێکی رێکخراو". (السيد، 2005، 187).

- پێناسەی رێکاری بۆ گەشەپێدان: دروستکردنی گەشە و بەرەوپێشچوونە لە ئاستی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی، بە ئامانجی شارەزابوون لە بیرکردنەوەی ئاماژەیی بە ئاستێکی رێکخراو لە رێگەی ئەو ڕاهێنان وچالاکییانەی لە ناو ژووری پۆلدا ئەنجام دەدرێن لە کاتی وانەوتنەوەی بابەتی دەقە وێژەییەکاندا. ئەم گەشەکردنەش دەناسرێت لە رێگەی پێوانی جیاوازیی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و دوایی بیرکردنەوەی ئاماژەیی کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە.

شەشەم: بیرکردنەوەی ئاماژەیی: پێناسە کراوە لەلایەن:

- رزوقي وعبدالكريم: "شێوازێکە لە شێوازەکانی بیرکردنەوە کە پێویست دەکات خوێندکار زانیاریيە جیاوازەکان بەکاربهێنێت و پەیوەندییەکی ڕێکخراو لە نێوانیاندا دەربهێنێت، جا لە گشتییەوە بێت بۆ تایبەت (هەڵێنجان) یان لە تایبەتەوە بێت بۆ گشتی (بەدواداچوون) یان دەرکردنی ئەنجامێک لە ڕاستییەکی دیاریکراوەوە (ئەنجامگیری)". (رزوقي وعبدالكريم، 2013، 17).

- سویدان، وحیدر: "ئەو چالاکییە عەقڵییەیە کە پێویستی بە دۆزینەوەی ئەو بنەمایە هەیە کە کۆمەڵێک توخم پێکەوە دەبەستێتەوە، و ڕەنگە ئەم توخمانە لە شێوەی ژمارە یان پێتدا بن". (سویدان، وحیدر، 2018، 316).

- پێناسەی ڕێکاری بۆ بیرکردنەوەی ئاماژەیی: جووڵەیەکی عەقڵییە کە تێیدا خوێندکاران لە ڕووداوە بچووکەکانەوە دەگوازرێنەوە بۆ دروستکردنی یاسا و گشتاندنەکان، هەروەها گواستنەوە لە گشتییەکانەوە بۆ تایبەتییەکان، و دەرەنجامگیریی یاسا گشتییەکان لە بەشە لاوەکییەکان لە بابەتی دەقە وێژەییەکاندا.

بەشی دووەم: لایەنە تیۆرییەکان و توێژینەوەکانی پێشوو

فێربوونی چالاک

تازەترین جۆری فێربوونە، وەک زاراوە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت، بڵاوبوونەوەی زاراوەکە و گرنگی وبایەخپێدانی لە کایەی پەروەردە وخوێندندا بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک دەگەڕێتەوە واتە تەمەنی لە ساتی دەرکەوتنیەوە، تا ئێستا، نزیکەی سێ دەیەیە و لە سیستمی خوێندندا، یەکێکە لە گرنگترین ئاراستە پەروەردەییە هاوچەرخەکان، گرنگییەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بایەخێکی زۆر بەفێرخواز و بەبەشداریکردنی چالاکانەی قێرخواز دەدات لە هەردوو پرۆسەی فێربوون و فێرکردن.(الجنابي، 2019، 56)

بەمانایەکی دیکە، فێربوونی چالاک، سیستمێکی کارگێڕیی تەکنیکییە و هەموو پێکهاتەکانی پرۆسەی خوێندن لە خۆ دەگرێت، زیاتر فۆکس دەخاتە سەر فێرخواز و چالاکییەکانی ئاراستەی دەکات . لە وانە زانیاری و شارەزایی (واتە لایەنی مەعریفی)پێشکەش دەکات، پێکهێنانی بەها وڕەفتارەکان (واتە لایەنی وێژدانی)ی پێ دەبەخشێت، بەسەنتەربوونی فێرخواز و گەشەدان بە حەز وزە وتواناکانی واتە لایەنی کارامەیی) لە بەرچاو دەگرێت.تا لێرەوبە بەیەکێک لە شێوازە مۆدێرن و تازەکانی خوێندن وفێرکاری لە قەڵەم دەدرێت تێیدا وادەکات قێرخواز هەست بەوە دەکات ئەو ئەرکەی خۆی ئەنجامی دەدات ئەو زانست وزانیاریيەی خۆی بەدوایدا دەگەڕێت و بەدەستی دەهێنێت گرنگتر وبایەخدارترە، لەوەی لە لایەن کەسانی دیکەوە بۆی ئەنجان دەدرێت وپێی دەبەخشرێت

لێرەوە فێربوونی چالاک ئەو ژینکە فێرکارییە کە دەرفەت بەفێرخواز دەدات بدوێت باش گوێ بگرێت، بخوێنێتەوە و بنووسێت، بەشداری بکات، پرسیاری بخاتە ڕوو، بەدوای وەڵأمدا بگەڕێت چالاک وبۆزەتیف بێت بیر بکاتەوە وتێڕامانی قوونی هەبێت، بەشدای کاری هەرەوەزی و پێکەوەیی بکات ڕێز لە بیروڕای خۆی دەربڕێت، بەڕێیاراتە مامەڵە لە گەڵ ئەرکەکانی سەرشانی بکات. (قانع،٢٠٢٥، ١٥)

خەسڵەتەکانی فێربوونی چالاک

1. فێربوونی چالاک فێربوونێکی ئامانجدارە :فێربوونی چالاک مەبەست وئامانجی هەیە و دەیەوێت بیانهێنێتە دی
2. فێربوونی چالاک پلان بۆ دارێژراوە: واتە فێربوونی چالاک ئامانجەکانی بەدی ناهێنێت ئەگەر پێشتر لە لایەن هەم مامۆستا وهەم فێرخوازەوە پلانی بۆ دانەنرابێت.
3. فێربوونی چالاک بەرپرسیارێتییە: فێربوونی چالاک بۆ فێرخواز بەرپرسیارێتییە، چونکە فێرخواز ڕۆڵێکی گەورە لە پرۆسەی فێربووندا دەبینێت بۆ فێربوون بەرپرسیارێتییەکی گەورەی دەکەوێتە سەر شان.
4. فێربوونی چالاک بەردەوامی هەیە: فێربوونی چالاک پرۆسەیەکی بەردەوامە و لەیەک یان دوو قوناغ فێربووندا ڕاناوەستیت یان تایبەت نییە بەقوناغی خوێندن.
5. فێربوونی چالاک نەرونیانە :فێربوونی چالاک دەکرێت لە هەموو وانەکان وهەموو بابەتەکان ولە هەموو ژینگەیەکدا ولەگەل هەموو جۆرە فێرخوازێکی جیاوازدا پراکتیز بکرێت.(سعادة، ٢٠١١، ٣٦)

ڕەگەزەکانی فێربوونی چالاک

1. گوێگرتن وقسە کردن
2. نووسین
3. خوێندنەوە
4. تێڕمان وبیرکردنەوە (قادر،٢٠٢٣، ٥٦)

سێیەم: ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان:

ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان یەکێکە لە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە کە یارمەتیدەرە لە بەدیهێنانی چەندین ئامانجی پەروەردەیی چونکە یارمەتی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی خوێندکاران دەدات، و یارمەتیدەرە لە بەرهەمهێنانی بیرۆکە وپاڵاوتن و گەشەپێدانی، هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ بەکۆمەڵەکانەوە. بەمەش ئازادیی دەربڕینی بۆچوون و بیرۆکەکانیان پێدەبەخشێت بەبێ ترس و دوودڵی، لە دەرەنجامدا خوێندکار دەکاتە توخمێکی کارا لە پرۆسەی فێرکاریدا وسەرنجی ڕادەکێشێت و هانی دەدات بۆ خوێندنی بابەتی زانستی و قووڵبوونەوە تێیدا، باخچەی بیرۆکەکان دادەنرێت بە یەکێک لە شێوازە باشەکان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەدا؛ باخچەی بیرۆکە دەرئەنجامی ئەو بیرۆکە جوانانەیە کە مێشکە ڕووناک و دەرەوشاوەکان دەیانخەنە ڕوو، کە پێویست دەکات بپارێزرێن و پاڵپشتی بکرێن. هۆکارەکانی پیتداری لە باخچەی بیرۆکەدا دەرئەنجامی بەیەکگەیشتنی (عەقڵی کراوە)یە بە توانای داهێنان کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەکان هەروەها توانای وروژاندنی پرسیار یان ئەو ئەگەرانەی نزیکن لە شکست لە بیرۆکە دیاریکراوەکەدا ودۆزینەوەی بیرۆکەی جێگرەوە. (صلاح الدين، 2006، 422-424).

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان:

- ڕوونکردنەوە و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی وانەکە.
- ئامادەکردنی کەشوهەوای گونجاو بۆ بەکارهێنانی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان، ئەویش لە ڕێگەی باسکردنی ئەو بیرۆکانەی کە خوێندکاران باوەڕیان بە دروستییان هەیە، بەبێ ڕەخنەگرتن

لە بیرۆکەکانیان، و تیشک خستنە سەریان و سەرنجدان لە بیرۆکەی خوێندکاران. تێیدا مامۆستا خوێندکاران دابەش دەکات بۆ چەند کۆمەڵێک، کە ژمارەیان لە هەر کۆمەڵێکدا لە پێنج خوێندکار تێپەڕ نەکات و ڕێساکانی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان وەبیر تیمی کار (کۆمەڵەکان) دەهێنێتەوە لە ڕێگەی باسکردنی ئەمانەی خوارەوە:

1. بیرۆکە فراوانەکان (کە وەک هەوا وان بۆ ڕووەک): خستنەڕووی بیرۆکەی فراوان و دیارینەکراو لەخۆ دەگرێت لێرەدا بیرۆکە فراوان و ناڕوونەکان لەسەر تەختە تۆمار دەکرێن لە کاتی خستنەڕووی بابەتی دەقەکان کە وانەیان لەسەر دەوترێتەوە.
2. بیرۆکە وردەکان (کە وەک خۆر وان بۆ ڕووەک): لەم قۆناغەدا بیرۆکە فراوانەکان ورد دەکرێنەوە وشیدەکرێنەوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر بۆ خوێندکاران دروست ببێت.
3. خەملاندنی بەربەستەکان (کە وەک خاک وان بۆ ڕووەک): تیشک خستنە سەر ئەو بیرۆکانە لەخۆ دەگرێت کە پرسیار دەوروژێنن ئەویش بۆ بەرهەمهێنانی لیستێک لە بیرۆکەکان بە مەبەستی دەستنیشانکردنی لایەنە نەرێنی و بەربەستەکانیان و دۆزینەوەی جێگرەوە بۆیان.
4. هەمەجۆری (کە وەک ئاو وایە بۆ ڕووەک): لێرەدا بیرۆکەیەکی وروژێنراو بە وردەکاریەکانییەوە دروست دەبێت کە بیرۆکەی نوێ بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەو بیرۆکەیەی کە لەلایەن خوێندکارانەوە قبوڵ ناکرێت پێویستە ڕاست بکرێتەوە یان جێگرەوەی بۆ بدۆزرێتەوە، نەک بە تەواوی ڕەت بکرێتەوە چونکە ڕەنگە بیرۆکە ونبووەکان ببنە هۆی دەروازەیەکی نوێ بۆ بیرکردنەوە یان پەرەپێدانی، یانیش ڕەنگە ببنە هۆی چارەسەری سەختییەک.

چوارەم: دەقە وێژەییەکان:

دەقە وێژەییەکان چەق خوێندنی وێژەن، چونکە ئەو بنەمایەی دەقەکانی لەسەر دامەزراوە بریتییە لە تواناداركردنی خوێندکاران بۆ چێژوەرگرتنی هونەری لێیان بۆیە پشت دەبەستێت بە قوواڵبوونەوە وگشتگیری، شیکردنەوە و هەڵێنجان، ڕەخنەگرتن، تێڕامان، و دۆزینەوەی جوانی توخمەکانی وێژە (بیرۆکە، خەیاڵ، سۆز، وشێواز) سەرباری گرنگییەکەی لە ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر ئاستی باش و گەشەپێدانی هەستی جوانی لە دەروونیاندا بۆ ئەوەی ببنە هاووڵاتییەکی باش. (الجبوري والسلطاني، 2013، 253).

دەقە وێژەییەکان بە یەکێک لە لقە گرنگەکانی زمان دادەنرێن چونکە بەرزترین ئاستەکانی شارەزایی بۆ کارامەییەکانی زمان دەردەخەن، شیعر و پەخشان تایبەتمەندن بە وشەی هەڵبژێردراو، دەستەواژەی پتەو، وتێڕوانینی ڕەسەن بۆ شتەکان و بوونەوەران. لە ڕێگەی دەقە وێژەییەکانەوە دەتوانرێت کارامەییە فیکری وزمانی ودەربڕینی وچێژوەرگرتنەکانی خوێندکار گەشە پێ بدرێت، و خوێندکاران بە ڕاستی وچاکە وجوانی ئاشنا دەکەن، چێژ و هەستەکانیان بەرز دەکەنەوە، و دەروازە لەبەردەم عەقڵیاندا دەکەنەوە بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوە وخەیاڵکردن. (إبراهيم، 1973، 251).

هەنگاوەکانی وتنەوەی دەقە وێژەییە کوردییەکان

1) پێناسەی خاوەن دەقەکە : لە دایکبوونی و چۆنیەتی پێگەیشتنی ژینگەکەی ڕۆشنبیرییەکەی دیارترین مەبەستەکانی شیعری و بەرهەمە هەدبییەکانی، بەو ڕادەیەی دەقە ڕوون دەکەنەوە.

2) کورتە پێشەکییەک بۆ چوونە ناو دەقەکە، بەباسکردنی بۆنەی دانان و، ڕوون کردنەوەی ئەو هۆ و بارودۆخانەی باڵیان داوە دەقەکە بنووسێت و وێنەی باسەکەیان بۆ بگرێت .
3) خوێندنەوەی دەقەکە خوێندنەوەیکی نموونەیی وبەدەنگێکی بەرزو ڕوون لەلایەن مامۆستاوە.
4) خوێندنەوەی دەقەکە، بەبێ دەنگی، لە لایەن قوتابیانەوە .
5) ئاراستەکردنی هەندێ پرسیار ڕوون وئاشکرا بەند بن بەمانا گشتییەکەیەوە
6) خوێندنەوەی دەقەکە لەلایەن قوتابیان بەدەنگێکی بەرزو لە سەرخۆوروونەوە.
7) دابەشکردنی بۆرد بۆ دووبەش .. یەکەمیان بۆ ڕاڤەکردن و ڕوون کردنەوەی مانای وشەکان دووەمیشیان بۆپەنجە ڕاکێشان و نووسینی بیرە سەرەکییەکان دەقەکە.
8) دیاریکردنی بیرەسەرەکییەکانی دەقەکە بەکورتی لە لایەن قوتابی وبەیارمەتی مامۆستا (خليفاني،١٩٨٩،ل ١٧٠-١٧١).

پێنجەم: بیرکردنەوەی ئاماژەیی:

بیرکردنەوەی ئاماژەیی بە پرۆسەیەکی عەقڵی دادەنرێت کە تاک ئەنجامی دەدات بە مەبەستی بەدەستهێنانی چارەسەری هەمیشەیی یان کاتی بۆ کێشەیەک و پرۆسەیەکی بەردەوامە لە مێشکدا تا ئەو کاتەی مرۆڤ لە باری ئاگایی بێت توخمەکانی بیرکردنەوەی ئاماژەییش دیاری کراون بە پێشەگەلێک کە بەڵگەیان پێ دەهێنرێتەوە، و دەرەنجامێک کە چاوەڕوان دەکرێت لەسەر بنەمای قبوڵکردنی پێشەکییەکان، و پەیوەندییە لۆژیکییەکانی نێوان پێشەکییەکان و دەرەنجامەکان. (الجابري، 1994، 17).

توێژینەوەکان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە بیرکردنەوەی ئاماژەیی دوو پرۆسە لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش بەدواداچوون وهەڵێنجانن. بەدواداچوون لەسەر سێ بنەما وەستاوە، ئەوانیش (پێکهێنانی چەمکەکان، لێکدانەوەی زانیاریەکان، و جێبەجێکردنی یاساکان)، بەڵام هەڵێنجان لە ڕێگەی دەرکێشانی بەشەکان لە یاسا گشتییەکەوە جێبەجێ دەکرێت، و ئەم توانایەش دەپێورێت لە ڕێگەی دیاریکردنی ئاستەکانی تاکەکان لەو ئاستەیی کە پشت دەبەستێت بە جێبەجێکردنی یاسا گشتییەکە بەسەر بەشەکانیدا بۆ زانینی ڕادەی دروستیی ئەم بەشانە لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا. وە ئەم دوو جۆرەی بەڵگەهێنانەوە لە یەکتر جیا نین چونکە هزر لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا دەگوازرێتەوە بۆ پشکنینی بەشەکان و بەستنەوەیان بەیەکەوە بۆ گەیشتن بە یاسایەکی دیاریکراو، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بەسەر بارودۆخە بچووکەکاندا بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی گونجان یان جیاوازیبان لەگەڵیدا. (التميمي، 2009، 14).

لەوانەی پێشەوە توێژەر بۆی ڕوون دەبێتەوە کە کۆدەنگی زۆربەی توێژەران لەسەر چەمکی بیرکردنەوەی ئاماژەیی ئەوەیە کە پرۆسەیەکی عەقڵییە و لە ئەنجامی وروژێنەری دیاریکراوەوە ڕوودەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر یان دەرەنجامێک لەبارەی بابەتێک وتێیدا خوێندکار هەوڵ دەدات سوود لە زانیاریی بەردەستەکان وەربگرێت بۆ ئاشکراکردنی ئەنجامی نوێ. ئەویش لە ڕێگەی ڕۆیشتن بە هەنگاوی دەرەنجامگیری و بەستنەوەی هەر هۆکارێک بە ئەنجامێکەوە، پاشان هەڵدەستێت بە درککردن بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنجامەکان بۆ گەیشتن بە پەیوەندیی نوێ.

گرنگی بیرکردنەوەی ئاماژەیی: (النجدي، 2005) سێ خاڵی سەرەکی لە گرنگی بیرکردنەوەی ئاماژەییدا دیاری کردووە کە لەمانەی خوارەوەدا ڕوون دەبنەوە:

1. بەڵگەهێنانەوە ئامرازێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زانست.
2. بەڵگەهێنانەوە ئامانجەکانی فێرکردن بەدی دەهێنێت.
3. بەڵگەهێنانەوە دەستکەوتی خوێندکار زیاد دەکات. (النجدي، 2005، 244).

- **بیرکردنەوەی ئاماژەیی و کاریگەریی لەسەر پڕۆسەی فێرکاری:**

زۆرێک لە پەروەردەکاران پێیان وایە کە پێویستە بیرکردنەوەی ئاماژەیی لای خوێندکاران گەشەی پێ بدرێت بەهۆی ئەو گرنگیەی هەیەتی لە بەدەستهێنانی مەعریفە و چارەسەرکردنی کێشەکاندا،هەروەها چەندین پڕۆگرام دانراون بۆ فێرکردنی کارامەییە گشتییەکانی بیرکردنەوە و کارامەییەکانی بەڵگەهێنانەوە بە مەبەستی جێبەجێکردنیان لە سەرجەم بوارە فێرکارییەکان، ئەم پڕۆگرامانەش جەختیان لەسەر ستراتیژیی ئەو پرسیارانە کردووەتەوە کە خوێندکاران دەیانخەنەڕوو کە گونجاوترین شێوازە بۆ پاڵپشتیکردنی بیرکردنەوە و هۆکارگەرایی لۆژیکی ئاماژەیی. (آل عوید، 2008، 49).

بیرۆکەکە لەوەدا نییە کە پرۆسەی ئاماژەیی زۆر پێشکەش بە خوێندکاران بکرێت بەڵکو لە پێدانی بەڵگەهێنانەوەی گونجاو و بەراوردکاریی سوودبەخشە لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و تێڕامان. واتە مەبەست لێی ڕاهێنانە لەسەر چەند شتێک لەوانە:

- یارمەتیدانی خوێندکار بۆ بەدەستهێنانی خوی باش لە بیرکردنەوەدا.
- ڕاهێنانی خوێندکار و هاندانی بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە.
- ئاشنابوون بە بەکارهێنانی شێوازە جیاوازەکانی بیرکردنەوە، بەدواداچوونی ودەرەنجامگیری.
- فێربوونی سنووردارکانی متمانەکردن بەو ئەنجامانەی بەدەستیان دەهێنێت.
- بەدەستهێنانی وەڵامەکان لە کورتترین کاتی گونجاودا. (شعبان، 1999، 30).

تەوەرەی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:-

توێژینەوەکانی پێشوو بە بنەمای تیۆری وپراکتیکی بۆ هەر توێژینەوەیەک دادەنرێن، ئەوەش لە ڕووی سوودوەرگرتن لە ئامانج و ڕێکار و ئەنجامەکانیانەوە.

توێژەر هەوڵی داوە دەستی بە توێژینەوەی پێشووی هاوشێوە یان نزیک لە بابەتی توێژینەوەکەی و پەیوەندییان بە ئامانجەکانییەوە بگات، وتوانیویەتی دەستی بەو توێژینەوەیانە بگات کە بەپێی ڕێزبەندییە کاتییەکەیان دەیانخاتە ڕوو، پاشان بەراوردکردن لە نێوان ئەو توێژینەوانە وتوێژینەوەی ئێستادا، لە ڕووی ئامانج وڕێکار و ئەنجامەکانەوە بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرێت. هەروەها توێژینەوەکانی پێشوو دابەش کراون بەسەر سێ بەشدا بەپێی گۆڕاوەکانی ناونیشانی توێژینەوەکە، و بەهۆی نەبوونی توێژینەوەی پێشوو لەبارەی بابەتی دەقە وێژەییەکان بە زمانی کوردی، ئەمەش وای لە توێژەر کرد کە باس لە توێژینەوەکانی پێشوو لەبارەی بابەتی دەقە وێژەییەکان بە زمانێکی تر بکات بۆ ئەنجامدانی بەراوردکارییەکە:

یەکەم: ئەو توێژینەوانەی کە باسیان لە ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان کردووە.

دووەم: ئەو توێژینەوانەی کە باسیان لە دەستکەوتی بابەتەکانی وێژە و دەقە وێژەییەکان کردووە.
سێیەم: ئەو توێژینەوانەی کە باسیان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی کردووە.
خشتەی (1) ئەو توێژینەوانەی کە باسیان لە ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان کردووە

ت	ناوی توێژینەوە سالّی توێژینەوە	ئامانجی نوێژینەوە	فۆناغی خوێندن	ژمارە/ رەگەزی سامپڵ	ئامرازی توێژینەوە	شوێنی جێبەجێکردنی توێژینەوە	ئامرازە ئامارییەکان	ئەنجامەکان
1	علي (2011)	زانینی کاریگەری باهۆزی بیر و باخچەی بیرۆکەکان بوو لە دەستکەوتی بابەتی زیندەوەرزانی وگەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ژیربیە فرەچەشنەکان	پۆڵی پێنجەمی ئامادەیی	93 خوێندکار/ مێ	تاقیکردنەوەی دەستکەوت، تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، تاقیکردنەوەی ژیربیە فرەچەشنەکان	عێراق	تاقیکردنەوەی تائی (T-test)، ناوەندەژمێرەیی، هاوکۆڵکەیی پەیوەندیی پیرسۆن، دووجای کای، هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ، هاوکۆڵکەیی توکی بۆ بەراوردە پاشەکییەکان	سەرکەوتی هەردوو کۆمەڵەی باهۆزی بیر و باخچەی بیرۆکەکان بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و تاقیکردنەوەی دەستکەوت
2	عبد الوهاب (2014)	کاریگەریی شێوازی باخچەی بیرۆکەکان لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی پۆڵی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی مێژوودا	پۆڵی پێنجەمی ئامادەیی	50 خوێندکار/ مێ	تاقیکردنەوەی پاشەکیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە	عێراق	تاقیکردنەوەی تائی (T-test)، دووجای کای، هاوکۆڵکەیی پەیوەندیی پیرسۆن	سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو
3	الكفيشي (2016)	زانینی کاریگەریی باخچەی بیرۆکەکان بوو لە دەستکەوتی خوێندکارنی پۆڵی چوارەمی وێژەیی لە بابەتی وێژە و دەقەکان	پۆڵی چوارەمی ئامادەیی	51 خوێندکار/ مێ	تاقیکردنەوە بۆ پێوانەکردنی دەستکەوت	عێراق	تاقیکردنەوەی تائی (T-test)، دووجای کای، هاوکۆڵکەیی پەیوەندیی پیرسۆن	سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو
4	الزبيدي (2023)	زانینی کاریگەری وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا بەپێی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی	پۆڵی چوارەمی ئامادەیی	64 خوێندکار/ مێ	تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕێکخراو	عێراق	تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ، دووجای کای، هاوکۆڵکەیی پەیوەندیی پیرسۆن	جیاوازیی واتاداری ئاماری هەیە بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی، سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بەپێی ستراتیژیەتی باخچەی بیرۆکەکانی

	ڕێکخراو							خوێندووە بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی ڕێگای ئاسایی خوێندووە لە بیرکردنەوەی ڕێکخراو.

خشتەی (2) ئەو توێژینەوانەی کە باسیان لە دەستکەوتی بابەتەکانی وێژە و دەقە وێژەییەکان کردووە

ت	ناوی توێژینەوە سالّی توێژینەوە	ئامانجی نوێژینەوە	فۆناغی خوێندن	ژمارە/ ڕەگەزی سامپڵ	أداة البحث	شوێنی جێبەجێکردنی توێژینەوە	ئامرازە ئامارییەکان	ئەنجامەکان
1	علي (٢٠١٠)	زانینی کاریگەری بەکارهێنانی سێ شێوازی هەڵسەنگاندن بوو لە دەستکەوتی خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی لە بابەتی وێژە	قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد پۆلی دووەمی بەشی زمانی کوردی	90 خوێندکار/ نێر و مێ	تاقیکردنەوەی پاشەکی لە بابەتێکی یەکگرتوو	عێراق	تاقیکردنەوەی تائی (T-test)، دووجای کای، هاوکۆڵکەی پەیوەندیی پیرسۆن	جیاوازیی واتاداری ئاماری بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی
2	احمد (2016)	زانینی کاریگەری هەردوو ستراتیژی فێربوونی لێکچوون و ناوێتەکردنی جیاوازەکان بوو لە بەدەستهێنانی چەمکە وێژەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە	قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد پۆلی سێیەمی بەشی زمانی کوردی	90 خوێندکار/ نێر و مێ	تاقیکردنەوەی پاشەکی یەکگرتوو	عێراق	تاقیکردنەوەی تائی (T-test)، دووجای کای، هاوکۆڵکەی پەیوەندیی پیرسۆن	سەرکەوتنی کۆمەڵەی یەکەمی ئەزموونی و کۆمەڵەی دووەمی ئەزموونی بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە دەستکەوتی چەمکەکان
	(علي، امين) (2017)	زانینی کاریگەری نموونەی درایفەر بوو لە دەستکەوتی بابەتی وێژەی کۆن لای خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی	قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد پۆلی سێیەمی بەشی زمانی کوردی	61 خوێندکار/ نێر و مێ	تاقیکردنەوەی پاشەکی یەکگرتوو	عێراق	تاقیکردنەوەی تائی (T-test)، دووجای کای، هاوکۆڵکەی پەیوەندیی پیرسۆن	جیاوازیی واتاداری ئاماری لە ئاستی (0.05)دا هەیە بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بەپێی نموونەی درایفەری خوێندووە

خشتەی (3) ئەو توێژینەو انەی کە باسیان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی کردووە.

ت	ناوی توێژینەوە سالّی توێژینەوە	نامانجی نوێژینەوە	فۆناغی خوێندن	ژمارە/ رەگەزی سامپڵ	نامرازی توێژینەوە	شوێنی جێبەجێکردنی توێژینەوە	نامرازە ناماریيەکان	ئەنجامەکان
1	عبيد (2020)	زانینی کاریگەری ستراتیژی پەڕەی یەک خولەکی و جیکسۆی پەرەپێدراو لە دەستکەوتی ڕێزمان و بیرکردنەوەی ئاماژەیی	قوتابیيانی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد پۆلی سێیەمی بەشی زمانی کوردی	91 خوێندکار/ نێر و مێ	تاقیکردنەوەی پاشەکی لە بابەتێکی یەکگرتوو، تاقیکردنەوەی دەستکەوت بۆ بیرکردنەوەی ئاماژەیی	عێراق	تاقیکردنەوەی تائی (T-test)، دووجای کای، هاوکۆڵکەی پەیوەندیی پیرسۆن	جیاوازیی واتاداری ئاماری لە ئاستی (0.05)دا هەیە بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی
2	المصري (2022)	کاریگەری ستراتیژیەکی پێشنیازکراو بوو کە لەسەر بنەمای تیۆریی بنەماکانی ڕێزمان دامەزراوە لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی لای خوێندکارانی بەشی زمانی عەرەبی	دووەمی ناوەندی	77 خوێندکار/ نێر و مێ	تاقیکردنەوەی پاشەکی یەکگرتوو بۆ چەمکە ڕێزمانییەکان و تاقیکردنەوەی بۆ بیرکردنەوەی ئاماژەیی	عێراق	بەرنامەی (spss)، تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو سامپڵی بەیەکەوەگرێدراو و تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ، هاوکێشەی گرانی، هاوکۆڵکەی هێزی جیاکەرەوە، هاوکێشەی کیودر-ریچاردسون20	سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بەپێی ستراتیژیەتە پێشنیازکراوەکەی خوێندووە بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بە ڕێگای ئاسایی خوێندندووە لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا.

بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو لەگەڵ توێژینەوەی ئێستادا:

لێرەدا توێژەر هەوڵ دەدات بەراوردێک لەنێوان توێژینەوەی ئێستا وئەو توێژینەوە ئاماژەپێکراوانە بکات لە ڕووی خاڵەکانی لێکچوون و جیاوازیی نێوانیانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-ئامانجەکان: هەر یەک لە توێژینەوەکانی پێشوو ئامانجی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەبووە. لە کۆمەڵەی یەکەمدا، توێژینەوەی علي (2011) ئامانجی (زانینی کاریگەری باهۆزی بیر و باخچەی بیرۆکەکان بوو لە دەستکەوتی بابەتی زیندەوەرزانی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ژیریيە فرەچەشنەکان)، و توێژینەوەی عبد الوهاب (2014) ئامانجی (**کاریگەریی شێوازی باخچەی بیرۆکەکان لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی مێژوودا**)، و توێژینەوەی الكفيشي (2016) ئامانجی (زانینی کاریگەریی باخچەی بیرۆکەکان بوو لە دەستکەوتی خوێندکارنی پۆلی چوارەمی وێژەیی لە بابەتی وێژە و

دەقەکان)، و تۆژینەوەی الزبيدي (2023) ئامانجی (زانینی کاریگەری وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا بەپێی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕێکخراو).

لە کۆمەڵەی دووەمیشدا، تۆژینەوەی علي (٢٠١٠) ئامانجی (زانینی کاریگەری بەکارهێنانی سێ شێوازی هەڵسەنگاندن بوو لە دەستکەوتی خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی لە بابەتی وێژە)، و تۆژینەوەی احمد (2016) ئامانجی (زانینی کاریگەری هەردوو ستراتیژی فێربوونی لێکچوون و ئاوێتەکردنی جیاوازەکان بوو لە بەدەستهێنانی چەمکە وێژەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە)، و تۆژینەوەی علي وأمين (2017) ئامانجی (زانینی کاریگەری نموونەی درایڤەر بوو لە دەستکەوتی بابەتی وێژەی کۆن لای خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی).

لە کۆمەڵەی سێیەمدا، تۆژینەوەی عبيد (2020) ئامانجی (زانینی کاریگەری ستراتیژیی پەڕەی یەک خولەکی و جیکسۆی پەرەپێدراو لە دەستکەوتی ڕێزمان و بیرکردنەوەی ئاماژەیی). وە تۆژینەوەی المصري (2022) ئامانجی (کاریگەری ستراتیژییەکی پێشنیازکراو بوو کە لەسەر بنەمای تیۆریی بنەماکانی ڕێزمان دامەزراوە لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی لای خوێندکارانی بەشی زمانی عەرەبی). بەڵام تۆژینەوەی ئێستا ئامانجی ئاشکراکردنی (کاریگەری ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکانە لە دەستکەوتی بابەتی دەقە وێژەییەکان لای خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە بەشی زمانی کوردی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەییان).

2- **ڕێبازی تۆژینەوە:** کە سەرجەم ئەو تۆژینەوانەی باسکراون ڕێبازی تاقیکارییان بەکارهێناوە هەروەک تۆژینەوەی ئێستا؛ بەڵام جیاواز بوون لەو دیزاینە تاقیکارییانەی کە پشتیان پێ بەستووە بەپێی ئامانجی تۆژینەوەکان.

3- **شوێنی ئەنجامدانی تۆژینەوە:** سەرجەم ئەو تۆژینەوانەی باسکراون لە عێراق ئەنجام دراون، ئەمەش لەگەڵ تۆژینەوەی ئێستادا یەکدەگرێتەوە.

4- **قەبارەی نموونە:** قەبارەی نموونەکان لەو تۆژینەوە باسکران جیاواز بوون، بەرزترین قەبارەی نموونە (93) بوو لە تۆژینەوەی (علي، 2011)، و کەمترینیشی (50) بوو لە تۆژینەوەی (عبد الوهاب، 2014). وە لە برامبەردا تۆژینەوەی ئێستا قەبارەکەی بریتی بوو لە (41) خوێندکار، بەمەش کەمترە لەو نموونانەی لە تۆژینەوەکانی پێشوودا هاتوون.

5- **ڕەگەزی نموونە:** تۆژینەوەکانی پێشوو لە ڕووی ڕەگەزی نموونەوە جیاواز بوون، هەندێکیان پشتیان بە ڕەگەزی مێ بەستووە وەک تۆژینەوەکانی (علي، 2014)، (عبد الوهاب، 2014)، (الكفيشي، 2016) و (الزبيدي، 2023)، وهەندێکی تریان پشتیان بە هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ پێکەوە بەستووە وەک تۆژینەوەکانی (علي، ٢٠١٠)، (احمد، 2016)، (علي وأمين، 2017)، (عبيد، 2020) و (المصري، 2022). بەڵام تۆژینەوەی ئێستا پشتی بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەستووە، بەمەش هاوڕایە لەگەڵ تۆژینەوەکانی (علي، ٢٠١٠)، (احمد، 2016)، (علي وأمين، 2017)، و جیاوازە لەگەڵ تۆژینەوەکانی (علي، 2014)، (عبد الوهاب، 2014)، (الكفيشي، 2016) و (الزبيدي، 2023)

6- قۆناغەکانی خوێندن: تۆژینەوە باسکراوەکان لە ڕووی قۆناغەکانی خوێندنەوە جیاواز بوون، بە جۆرێک تۆژینەوەی (المصري، 2022) لەسەر قۆناغی ناوەندی جێبەجێ کراوە، و تۆژینەوەکانی (علي، 2014)، (عبد الوهاب، 2014)، (الكفيشي، 2016) و (الزبيدي، 2023) لەسەر قۆناغی

ئامادەیی، و توێژینەوەکانی (علي، ٢٠١٠)، (احمد، 2016)، (علي وامين، 2017) و (عبيد، 2020) لەسەر خوێندکارانی زانکۆ جێبەجێ کراون، ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەی ئێستادا یەکدەگرێتەوە.

7- ئامرازی توێژینەوە: ئامرازی توێژینەوە لە توێژینەوەکانی (علي، 2011) و(عبد الوهاب، 2014) و(الكفيشي، 2016) و (الزبيدي، 2023) و(علي، ٢٠١٠) واحمد (2016) وعلي وأمين (2017) بریتی بوو لە تاقیکردنەوەیەکی یەککگرتووی پاشەکی، بەڵام توێژینەوەی (عبيد، 2020) و(المصري، 2022) بریتی بوو لە تاقیکردنەوەیەکی یەککگرتووی پاشەکی لەگەڵ بیرکردنەوەی ئاماژەیی.

8- **هۆکارە ئاماریەکان:** سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو، تاقیکردنەوەی تائی، و دووجای کای، وهاوکۆڵکەی پەیوەندیی پیرسۆنیان بەکارهێناوە، ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەی ئێستادا یەکدەگرێتەوە.

9- **ئەنجامەکان:** سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو لە ئەنجامەکانیاندا هاوڕا بوون، چونکە زۆربەیان جەختیان لەسەر پێشکەوتنی تاکەکانی کۆمەڵەی تاقیکاری کردووەتەوە کە ستراتیژی وەرگا هاوچەرخەکانیان لە ڕاهێنانیاندا بەکارهێناوە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵدا، وە لە توێژینەوەی ئێستادا توێژەر لە بەشی ئەنجامەکاندا بەراوردیان دەکات.

لایەنەکانی سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو: توێژەر دوای خوێندنەوەی ئەم توێژینەوانە، لە چەندین لایەنەوە سوودی لێ وەرگرتوون، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. یارمەتیدان لە دەستنیشانکردنی کێشەی توێژینەوەکە وزیادکردنی ئەزموون و دەوڵەمەندکردنی مەعریفی بۆ گەیشتن بە باشترین و وردترین ئەنجامەکان.
2. داڕشتنی ئامانجە ڕەفتاریە تایبەتەکانی توێژینەوەکە.
3. دابینکردنی چەندین سەرچاوە بۆ توێژەر بە مەبەستی سوودلێوەرگرتنیان لە ڕێکارەکانی توێژینەوەکەیدا.
4. ئاشناکردنی توێژەر بەو ڕێکارە میتۆدییانەی کە توێژەرانی پێشوو لە توێژینەوەکانیاندا گرتوویانەتە بەر وەک ڕێگایەک بۆ باشترکردنی ئاستی توێژینەوەکەی.
5. هەڵبژاردنی هۆکارە ئاماریە گونجاوەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو داتایانەی پەیوەستن بە توێژینەوەکەیەوە.

بەشی سێیەم

یەکەم: ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی

ئەم بەشە خستنەڕووی ڕێبازی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت لە ڕووی پشتبەستن بە دیزاینی تاقیکاریی گونجاو، دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەکەی، ئەنجامدانی هاوتاکردن لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەدا (تاقیکاری و کۆنترۆڵ)، و خستنەڕووی پێداویستییەکانی توێژینەوەکە و ئامرازەکانی وچۆنیەتیی جێبەجێکردنیان لەگەڵ ئەو هۆکارە ئاماریانەی کە بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکە بەکارهێنراون. توێژەر پشتی بە ڕێبازی توێژینەوەی تاقیکاری بەستووە، چونکە گونجاوترینە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەیدا، و لە خوارەوەشدا وردەکاریی ئەو ڕێکارانە دەخرێتە ڕوو:

دووەم: دیزاینی ئەزموونی:

بریتییە لە پلاندانان بۆ ئەو بارودۆخ و هۆکارانەی دەوری ئەو دیاردەیەیان داوە کە بە شێوازێکی دیاریکراو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی ڕووەدات، کەواتە نەخشە وبڕۆگرامێکی کارە بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە (عبدالرحمن وزنكنة، 2007، 487). توێژەر پشتی بە دیزاینی تاقیکاریی کۆنترۆڵی نیمچەیی بەستووە بۆ دوو کۆمەڵەی تاقیکاری و کۆنترۆڵ، چونکە گونجاوترینە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، هەروەک لە شێوەی (1) دا ڕوون کراوەتەوە:

کۆمەڵە	گۆڕاوی سەربەخۆ	گۆڕاوی پاشکۆ	پێوانی گۆڕاوی پاشکۆ
تاقیکاری	ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان	دەستکەوت وبیرکردنەوەی ئاماژەیی	تاقیکردنەوەی دەستکەوتی و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ئاماژەیی پاشەکی
کۆنترۆل	ڕێگای کلاسیکی		

سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و نموونەکەی:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم ئەو تاکانەی کە هەڵگری ئەو سیفەتە دیارانەن کە توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە، و دەتوانرێت بوترێت کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کۆی ئەو یەکە توێژینەوانەی کە مەبەستە زانیاریان لێوە وەربگیرێت (داود وعبدالرحمن، 1990، 66)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی بەغداد / بەشی زمانی کوردی. توێژەر بە شێوەیەکی مەبەستدار نموونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە، کە خۆی دەبینێتەوە لە خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1. تاکە بەشە کە ئەو خوێندکارانەی بە کوردی نادوێن تێیدا دەخوێنن.
2. قۆناغی دووەم لە دوو هۆبە پێکدێت، ئەمەش خزمەت بە مەبەستەکانی توێژینەوەی ئێستا دەکات کە دیزاینێکی تاقیکاری لەخۆ دەگرێت و لە دوو کۆمەڵەی کۆنترۆڵ و تاقیکاری پێکدێت.
3. ئاسانی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە، لەبەرئەوەی لە شوێنی کاری توێژەردایە، و بەو پێیەی توێژەر خۆی مامۆستای بابەتەکەیە بۆ چەندین ساڵ و بەباشی شارەزای خاڵە لاوازەکانی خوێندکارانە.
4. لاوازیی ئاستی دەستکەوتی خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە بابەتی دەقە وێژەییەکان لە ساڵەکانی پێشوودا.
5. گرانی بابەتەکە بۆ خوێندکاران بەو پێیەی یەکەم جارە بابەتی دەقە وێژەییەکان دەخوێنن لەکاتی چوونە ناو بەشەکەوە.

قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە گەیشتە (41) خوێندکار، کە دابەش کران بەسەر دوو کۆمەڵەدا، بە جۆرێک (21) خوێندکار بۆ کۆمەڵەی تاقیکاری و (20) خوێندکار بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵ، و خشتەی ژمارە (4) ئەمە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی (4): دابەشکردنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەسەر هەردوو کۆمەڵەی کۆنترۆڵ و تاقیکاریدا بەپێی هۆبەکان

کۆمەڵەکان	هۆبە	ژمارەی خوێندکاران پێش دوورخستنەوە	ژمارەی خوێندکارە دوورخراوەکان	ژمارەی خوێندکاران دوای دوورخستنەوە
تاقیکاری	ا	21	-	21
کۆنترۆڵ	ب	20	-	20
کۆی گشتی	2	41	-	41

چوارەم: هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە:

پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکە توێژەر سوور بوو لەسەر هاوتاکردنی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە ڕووی ئاماریەوە لە هەندێک گۆڕاودا کە پێی وایە ڕەنگە کاریگەریان لەسەر دروستی تاقیکردنەوەکە هەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندکارانی نموونەکە خوێندکاری هەمان کۆلێژن و لە یەک بەشدا دەخوێنن، ئەو گۆڕاوانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. تەمەنی کاتی بەپێی مانگ.
2. ئاستی زیرەکی.
3. تاقیکردنەوەی پێشەکی بیرکردنەوەی ئاماژەیی.

لە خوارەوەشدا ڕوونکردنەوەی ڕێکارەکانی هاوتاکردن خراوەتە ڕوو:

1. تەمەنی کاتی خوێندکاران بەپێی مانگ:

توێژەر بە پشت بەستن بە هۆبەی تۆماری کۆلێژ زانیاری وەرگرت سەبارەت بە تەمەنی کاتی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، کە تێیدا ناوەندی تەمەنی خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری گەیشتە (234.04) مانگ، و ناوەندی تەمەنی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ گەیشتە (232.84) مانگ. وە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، بە مەبەستی زانینی واتاداری جیاوازیی نێوان تەمەنی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری واتادار نییە لە ئاستی پێوانەی (0.05)، چونکە بەهای تی هەژمارکراو (0.248) بچوکتر بوو لە بەهای تی خشتەیی (2.023) بە نمرەی ئازادی (39). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە ڕووی ئاماریەوە هاوتان لە تەمەنی کاتیدا، و خشتەی (5) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی (5): ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی بۆ تەمەنی کاتی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەپێی مانگ

کۆمەڵ	ژمارەی تاکەکانی نموونە	ناوەندی هەژماری	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	بەهای تائی		ئاستی واتاداریی لە (0.05)
					هەژمارکراو	خشتەیی	
ئەزموونی	21	234.04	5.329	39	0.284	2.023	واتادار نییە
کۆنترۆڵکراو	20	232.84	5.012				

2. ئاستی زیرەکی:

توێژەر تاقیکردنەوەی ڕاڤن بۆ ماتریسەکان (المصفوفات) بەسەر خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی تاقیکاری و کۆنترۆڵدا لە هەفتەی یەکەمی تاقیکردنەوەکەدا جێبەجێ کرد، و دەردەکەوێت کە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە هاوتان لە تاقیکردنەوەی زیرەکیدا، و خشتەی (6) ئەمە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی (٦): ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی بۆ خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە نمرەکانی زیرەکیدا

کۆمەڵە	ژمارەی تاکەکانی نموونە	ناوەندی هەژماری	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	بەهای تائی		ئاستی واتادارێی لە (0.05)
					هەژمارکراو	خشتەیی	
ئەزموونی	21	36.38	7.63	39	0.292	2.023	واتادار نییە
کۆنترۆڵکراو	20	35.65	8.38				

3. تاقیکردنەوەی پێشەکی بیرکردنەوەی ئاماژەیی:

بە مەبەستی دڵنیابوون لە هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەی تاقیکاری و کۆنترۆڵ لە بیرکردنەوەی ئاماژەییدا پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ئاماژەیی کە لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە لەسەر هەردوو کۆمەڵەی تاقیکاری و کۆنترۆڵ. دوای شیکردنەوەی وەڵامەکان و هەژمارکردنی نمرەکان، و بە دەرهێنانی ناوەندی نمرەکانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری و کۆمەڵەی کۆنترۆڵ، و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، دەرکەوت کە جیاوازییەکە لە ڕووی ئاماریەوە واتادار نییە لە ئاستی پێوانەی (0.05) چونکە بەهای تی هەژمارکراو(8.85) بچوکتر بوو لە بەهای تی خشتەیی (2.023) بە نمرەی ئازادی (39). وئەم ئەنجامەش دەریدەخات کە هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا هاوتان.

خشتەی (7)

کۆمەڵە	ژمارەی تاکەکانی نموونە	ناوەندی هەژماری	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	بەهای تائی		ئاستی واتادارێی لە (0.05)
					هەژمارکراو	خشتەیی	
ئەزموونی	21	8.85	1.94	39	0.312	2.023	واتادار نییە
کۆنترۆڵکراو	20	8.65	2.12				

پێنجەم: کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە نائەزموونییەکان (دەرەکییەکان):

کاتێک کە دیاریکردن وکۆنترۆڵکردنی سەرجەم ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر هەر دیاردەیەک کارێکی قورسە، ئێمە درک بە بوونی چەندین گۆڕاو دەکەین کە کاریگەریان لەسەر دیاردەکە هەیە لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکەدا. بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی پوخت بڕیار لەسەر بەهای گۆڕاوی تاقیکاری بدەین پێویستمان بە کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان هەیە لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکاندا (ملحم، ٢٠٠٠، ٣٨٩).

سەرەڕای ئەو ڕێکارانەی پێشتر باسکران بۆ هاوتاکردنی ئاماری لە نێوان خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە چەند گۆڕاوێکی گرنگدا کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ هەیە، توێژەر هەوڵی داوە بەپێی توانا خۆی بەدوور بگرێت لە کاریگەریی هەندێک گۆڕاوی هاتووەناو لەسەر بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکە، چونکە کۆنترۆڵکردنیان دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامی ورد ودروست. لە خوارەوەشدا ئەم گۆڕاوانە وچۆنیەتیی کۆنترۆڵکردنیان خراوەتە ڕوو:

کاریگەریی ڕێکارە تاقیکارییەکان:

بە مەبەستی پاراستنی تاقیکردنەوەکە لە هەندێک ڕێکار کە ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ هەبێت، توێژەر هەوڵی داوە بەپێی توانای سنووردار بۆ کاریگەریی ئەم هۆکارە دابنێت لە بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکەدا ئەوەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

1. نهێنیی تاقیکردنەوەکە: توێژەر کاری لەسەر پاراستنی نهێنیی تاقیکردنەوەکە کردووە، ئەویش لە ڕێگەی پێڕانەگەیاندنی خوێندکارەکانی بەوەی کە توێژینەوەیەک لەم بوارەدا هەیە، بەڵکو تەنها پێی ڕاگەیاندوون کە شێوازێکی نوێی وانەوتنەوە بۆ چەند بابەتێک جێبەجێ دەکات، بۆ ئەوەی چالاکییان یان مامەڵەکردنیان لەگەڵ تاقیکردنەوەکەدا نەگۆڕێت کە ئەمەش کاریگەری لەسەر دروستیی ئەنجامەکان دروست بکات.
2. بابەتی خوێندن: توێژەر کۆنترۆڵی کاریگەری ئەم هۆکارەی کردووە لە ڕێگەی یەکسانکردنی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە بابەتەکانی دەقە وێژەییەکان لە ڕووی ژمارەی بابەتەکانەوە، چونکە پشتی بە بابەتە سەرەتاییەکانی بڕیاردراو بەستووە کە بڕیارە لە وەرزی خوێندنی یەکەمی ساڵی خوێندنی (2024-2025 ز)دا بخوێنرێت.
3. وانەوتنەوە: توێژەر خۆی وانەی بە خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی تاقیکاری و کۆنترۆڵ وتووەتەوە، ئەمەش ئاستێک لە وردبینی و بابەتیبوون بۆ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکە زیاد دەکات.
4. دابەشکردنی وانەکان: لە ڕێگەی دابەشکردنی یەکسانی وانەکان لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەدا، توێژەر هەفتانە شەش بەشە وانەی دەوتەوە، بە جۆرێک سێ بەشە وانە بۆ هەر کۆمەڵەیەکی توێژینەوەکە بەپێی پڕۆگرامی بڕیاردراوی دابەشکردنی بەشەوانەکان لە بەشی زمانی کوردی.
5. ئامرازەکانی فێرکردن: توێژەر هەمان ئەو ئامرازە فێرکاریانەی بەکارهێناوە کە پشتی پێ بەستوون لە تاقیکردنەوەکەدا بە شێوەیەکی یەکسان؛ لە ڕووی لێکچوونی تەختەکان و بەکارهێنانی پێنووس بۆردی ڕەنگاوڕەنگ و ئامێری پیشاندانی داتاشۆ و وێنە ڕوونکردنەوەییەکان، سەربارە بابەتە بڕیاردراوەکانی دەقە وێژەییەکان بۆ قۆناغی دووەم لە کۆلێژی پەروەردە - بەشی زمانی کوردی.
6. باڵەخانە: تاقیکردنەوەکە لە یەکێک لە بەشەکانی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی بەغداد جێبەجێ کرا کە ئەویش بەشی زمانی کوردییە. لە دوو هۆڵی تەنیشت یەک و لێکچوو لە ڕووی ڕووبەر وژمارەی پەنجەرە وهەواگۆڕکێ وڕووناکی وئاراستەی خۆر وژمارە وجۆری کورسییەکان و پانکەکانی ناو هۆڵەکەوە.

7. ماوەی تاقیکردنەوە: ماوەی تاقیکردنەوەکە یەکگرتوو و یەکسان بوو بۆ خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی تاقیکاری و کۆنترۆڵ، کە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2024/9/16 ز دەستی پێکرد، و لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2024/12/19 ز کۆتایی هات.

شەشەم: پێداویستییەکانی توێژینەوە:

1. دیاریکردنی بابەتی زانستی: بابەتی زانستی پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکە دیاری کرا، چونکە ئامانجە ڕەفتارییەکان و تاقیکردنەوەی دەستکەوتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو بابەتە زانستییەدا ئامادە دەکرێن کە بڕیارە بە خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بوترێتەوە لە ماوەی تاقیکردنەوەکەدا. ئەم بابەتانەش لە پڕۆگرامی خوێندنی بابەتی دەقە وێژەییەکانن بۆ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی بەغداد بەشی زمانی کوردی، و خشتەی (8) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی (8): ئەو بابەتانەی کە بە خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە وتراونەتەوە

ز	بابەتەکان	ژمارەی لاپەڕەکان
1	چەمکی دەق پێناسەی دەق	3
2	جۆرەکانی دەق وێژەیی	3
3	پێناسەی وێژە ومێژووی سەرهەڵدانی وێژەی کوردی	6
4	مەبەست و ئامانج لە دەقە وێژەییەکان	6
5	پێناسەی هۆنراوە، سەرهەڵدانی هۆنراوە، شیعر لە ڕەوانگەی (ئەفلاتون وئەرەستۆ)وە، جۆرەکانی هۆنراوە	5
6	پێناسەی پەخشان، جۆرەکانی پەخشان، شیعر کۆنترە یاپەخشان،جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان	5
7	ژیانی (بابا تاهیری عوریان)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک لە شیعرەکانی	3
8	ژیانی (بێسارانی)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک شیعرەکانی	3
9	ژیانی (مەلای جزیری)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک شیعرەکانی	3
10	ژیانی (نالی)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک شیعرەکانی	3
11	ژیانی (پێرەمێرد)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک لە شیعرکانی	3

2. دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان: دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان پرۆسەیەکی هەڕەمەکی یان هەوڵێکی کەسی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەیەکدا ئەنجام دەدرێت، کە لە کاتی دانانیدا ڕەچاوی سەرچاوەکانی ئامانجەکان و دارشتن و تایبەتمەندی و مەرجەکانی دەکرێت (اللهيبي، 2008، 54). توێژەر لە دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکاندا پشتی بە سێ ئاستی یەکەمی پۆلێنی بلوم بەستووە بەهۆی گونجانیان لەگەڵ گەشەی جەستەیی و عەقڵی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم ئاستانە دەتوانرێت بە ئاسانی تێبینی بکرێن و بپێورێن بەراورد بە ئاستەکانی تر. لەسەر ئەم بنەمایەش توێژەر (68) ئامانجی ڕەفتاری دارشت و خستیە بەردەم ژمارەیەک لە پسپۆڕان و شارەزایانی زمانی کوردی و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی و پێوانە وهەڵسەنگاندن، کە ژمارەیان (15) پسپۆڕ بوو.

خشتەی تایبەتمەندییەکان (نەخشەی تاقیکردنەوە)

بابەتەکان	ژمارەی ئامانج	ڕێژەی گرنگی ناوەرۆک	بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت			ژمارەی ئامانجەکان
			زانین	تێگەیشتن	جێبەجێکردن	
چەمکی دەق و پێناسەی دەق	5	%7.46	1	1	1	3
جۆرەکانی دەق وێژەیی	5	%7.46	1	1	1	3
پێناسەی وێژە، ومێژووی سەرهەڵدانی وێژەی کوردی	7	%10.45	1	1	1	2
مەبەست و ئامانج لە دەقە وێژەییەکان	7	%10.45	1	1	0	3
پێناسەی هۆنراوە، سەرهەڵدانی هۆنراوە، شیعر لە ڕەوانگەی (ئەفلاتون ونەرەستۆ)وە، جۆرەکانی هۆنراوە	6	%8.96	0	1	1	2
پێناسەی پەخشان، جۆرەکانی پەخشان، شیعر کۆنترە یاپەخشان،جیاوازی نێوان شیعر وپەخشان پەخشان	٨	%11.94	1	1	1	3
ژیانی (بابا تاهیری عوریان)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک لە شیعرەکانی	6	%8.96	1	0	1	2
ژیانی (بێسارانی)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک شیعرەکانی	6	%8.96	1	1	1	3
ژیانی (مەلای جزیری)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک شیعرەکانی	6	%8.96	1	1	1	3
ژیانی (نالی)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک شیعرەکانی	6	%8.96	1	1	1	3
ژیانی (پێرەمێرد)ی شاعیر لەگەڵ نموونەیەک لە شیعرکانی	6	%8.96	1	1	1	3
المجموع	68	%100	10	10	10	30

3. دیاریکردنی پلانی و انەوتنەوەکە:

چەمکی پلاندانان بۆ ئامادەکردنی وانە، پرۆسەیەکی ئامادەکاریی عەقڵی ونووسراوە کە مامۆستا پێش وانەکە بە ماوەیەکی تەواو دایدەنێت، و توخمە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان (جابر، 1999، 147). ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە بە یەکێک لە پێداویستییەکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو دادەنرێت ۆیە توێژەر (11) پلانی وانەوتنەوەی نموونەیی ئامادە کرد بۆ ئەو دە بابەتەی کە لە تاقیکردنەوەکەدا بۆ بابەتی دەقە وێژەییەکان دەوترێنەوە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن وئامانجە ڕەفتارییە داڕێژراوەکان بەپێی سروشتی گۆڕاوی سەربەخۆ دانراوە. واتە ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان لەگەڵ کۆمەڵەی تاقیکاری، و ڕێگای ئاسایی پەیڕەوکراو لەگەڵ کۆمەڵەی کۆنترۆڵ. پلانی وانەوتنەوە ئامادە کرا بۆ کۆمەڵەی تاقیکاری کە بە ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان دەخوێنن بە جۆرێک یەک پلان بۆ هەر بابەتێکی خوێندن، هەروەها پلانی وانەوتنەوە بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کە بە ڕێگای ئاسایی پەیڕەوکراو دەخوێنن بە جۆرێک یەک پلان بۆ هەر بابەتێکی خوێندن.

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی پلانەکانیش، توێژەر نموونەیەکی لە هەر جۆرێکی پلانەکان خستە بەردەم کۆمەڵێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی زمانی کوردی و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بۆ زانینی بۆچوون و تێبینی و پێشنیازەکانیان، و هەمواکردنەوەی پێویست ئەنجامدرا لەسەر بنەمای تێبینیی شارەزایان.

حەوتەم: ئامرازی توێژینەوە (تاقیکردنەوەی دەستکەوت):

"تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پێوانەی ئەو فێربوونە دەکات کە لە ئەنجامی ئەزموونێکەوە لە بارودۆخێکی فێربوونی کۆنترۆڵکراودا ڕووەدات، وەک پۆلێکی خوێندن یان پرۆگرامێکی ڕاهێنان وئەو چوارچێوە سەرچاوەییەی کە گرنگی پێ دەدەین بریتییە لە ئێستا یان ڕابردوو، واتە باری هەنووکەیی بۆ ئەوەی خوێندکار فێری بووە" (علام، 2014، 123). تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت بە یەکێک لە ئامرازە هەرە بەکارهێنراوەکانی هەڵسەنگاندن دادەنرێت لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە ئاستی جیهاندا.

بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی پێوانەیی کە بتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندنی بابەتی دەقە وێژەییەکان لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغداد، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی بۆ هەردوو کۆمەڵەی تاقیکاری وکۆنترۆڵ ئامادە کرد کە سەرجەم بابەتەکان دەگرێتەوە، بۆ پێوانەکردنی کاریگەریی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان لە دەستکەوتی خوێندکاران لە بابەتی دەقە وێژەییەکان بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

1- ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندییەکان (نەخشەی تاقیکردنەوە): "دوای دیاریکردنی مەودای هەر یەک لە ناوەڕۆک وکارامەییەکان وئەو کێشانەی کە ئاماژەن بۆ گرنگی ڕێژەیی هەر یەک لە بابەتە سەرەکی و لاوەکییەکان، و کارامەییە خاوەن ئاستە جیاوازەکان، ئەوا توێژەر پێویستی بە ئامرازێکی ڕێکخراوەیی دەبێت کە یارمەتیدەر بێت لە بەستنەوەی کارامەییەکان بە ناوەڕۆکەوە بە جۆرێک کە بتوانرێت کێشەکان بە شێوەیەک بخەملێنرێت کە لە یەک کاتدا لەگەڵ گرنگی کارامەییەکە وناوەڕۆکەکەدا بگونجێت بۆ ئەوەی گەرەنتی دابەشکردنی سەرجەم ئاستەکانی کارامەییەکان بکات لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنەکەدا، و نوێنەرایەتیکردنیان لە تاقیکردنەوەکەدا وە لەسەر بنەمای ئەم کێشەیە دەتوانرت ژمارەی بڕگەکان و ئەرکەکانی تاقیکردنەوە دیاری بکرێت کە پێویستە ئامادە بکرێن، ئەم ئامرازە ڕێکخراوەییەش پێی دەوترێت خشتەی تایبەتمەندییەکان" (علام، 2014، 140).

وە نەخشەی تاقیکردنەوەکە ئامادە کرا(خشتەی 10)، کە بابەتە بڕیاردراوەکانی بابەتی دەقە وێژەییەکانی بۆ قۆناغی دووەم لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد - زانکۆی بەغداد لەخۆگرتبوو، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ژمارەیەک لە ئامانجە ڕەفتارییەکان لە هەر ئاستێک لە سێ ئاستی یەکەمی پۆلێنکردنی (بلوم) لە بواری مەعریفیدا (بیرکەوتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن). وە ڕێژەی بابەتەکان دیاری کرا لەبەر ڕۆشنایی ژمارەی لاپەڕەکانی هەر بابەتێک، بەڵام ڕێژەی گرنگیی ئاستی ئامانجەکان دیاری کرا لەبەر ڕۆشنایی ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە هەر ئاستێک لەو سێ ئاستەدا.

وە توێژەر ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بە (30) بڕگە دیاری کرد، کە هەر بڕگەیەک پێوانەی یەک ئامانجی ڕەفتاری دەکات، وە دەرهێنانی ژمارەی بڕگەکانی هەر ئاستێک لە کۆی بڕگەکانی هەر ئاستێک لە نەخشەی تاقیکردنەوەکەدا. هەروەها بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتیی بۆ هەر بابەتێک دیاری کرد لەژێر ڕۆشنایی ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆک (بابەتەکان) کە خۆی لە ژمارەی لاپەڕەکانی هەر بابەتێک و کۆی گشتیی ژمارەی بڕگەکاندا دەبینێتەوە.

2- دارِشتنی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت: ژمارەی ئەو برگانەی تاقیکردنەوە کە توێژەر ئامادەی کردووە گەیشتە (30) برگە، کە دابەش کراون بەسەر ناوەرۆکی پرۆگرامی بڕیاردراوی خوێندندا، بە جۆرێک چوار پرسیاری هەمەجۆر بۆ هەر بابەتێک لە جۆری (هەڵبژاردن). "چونکە ئەم جۆرە لە پرسیار بە یەکێک لە باشترین جۆرەکانی پرسیار دادەنرێت و تایبەتمەندی ڕاستگۆیی وجێگیری هەیە وزۆرترین بەکارهێنانی لە تاقیکردنەوەکاندا هەیە" (الرواشدة، و اخرون، 2000، 4). هەروەها لەبەر ئەوەی ناکەوێتە ژێر کاریگەری هۆکارە کەسییەکانی توێژەرەوە (داود، وعبد الرحمن، 1990، 118)، وەک لە خشتەی (10)دا هاتووە.

3- ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی دەستکەوت: "ڕاستگۆیی ناوەرۆکی تاقیکردنەوە پەیوەستە بە بڕیاردان لەسەر ئاستی گونجاوی وتەواویی برگەکانی وەک نموونەیەک کە نوێنەرایەتیی مەودای ئەو ناوەرۆکە یان ئامانجانە دەکات کە گرینمانە دەکرێت تاقیکردنەوەکە پێوانەیان بکات" (علام، 2014، 107). "تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کاتێک ڕاستگۆ دەبێت کە بتوانێت پێوانەی ئاستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بکات کە لەپێناویدا دانراوە، و پێوانەی شتێکی تر نەکات لە جێگەی ئەوان یان سەرباری ئەوان" (ملحم، 2000، 273).

بۆ ئەوەی ئەو تاقیکردنەوەیەی ئامادە کراوە ڕاستگۆ و گونجاو بێت بۆ ئەو ئامانجە ڕەفتارییانەی کە بۆ بەدیهێنانیان دیزاین کراوە، پشتی بە ڕاستگۆیی ناوەرۆک بەست. لەبەر ئەوە توێژەر هەستا بە خستنەڕووی تاقیکردنەوەکە لەگەڵ ئامانجە ڕەفتارییەکان بۆ ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی بۆ وەرگرتنی بۆچوونیان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئاستی گونجاوی هەر برگەیەک بۆ ئەو ئامانجە ڕەفتارییەی کە بۆ پێوانەکردنی دانراوە، هەروەها سەلامەتی دارِشتنەکەی و ئەو ئاستانەی پێوانەی دەکات و ئاستی گونجانی بۆ ئاستی خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی بەغداد کە نموونەی توێژینەوەکەن. بە بەدەستهێنانی ڕێژەی سەدی (80%) و زیاتر لە ڕێککەوتنی بۆچوونی هەڵسەنگێنەران لەسەر گونجاوی برگەکان، ژمارەیەک لە برگەکان سەرلەنوێ دارِێژرانەوە وبەمەش ژمارەی برگەکانی تاقیکردنەوەکە لە شێوە کۆتاییەکەیدا بوو بە (30) برگەی تاقیکردنەوە کە بەسەر پێنج بابەتەکەی دەقە وێژەییەکاندا دابەش کراون، بەمەش ڕاستگۆیی جێبەجێکردن بەدیهات.

4- شیکردنەوەی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی: "لەبەر ئەوەی جۆریەتی تاقیکردنەوە وباشییەکەی بە شێوەیەکی گەورە پشت دەبەستێت بە جۆرایەتی و باشی ئەو برگانە کە لەخۆی گرتوون، بۆیە شیکردنەوەی برگەکان بە کارێکی پێویست دادەنرێت بۆ باشترکردنی تاقیکردنەوەکان و بەتایبەتیش تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت" (علام، 2014، 112).

بۆ زانینی کاتی خایەنراو بۆ تاقیکردنەوەکە، وئاستی ڕوونی برگەکانی تاقیکردنەوەکە و وردی دارِشتنیان وڕوونی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکە، توێژەر لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2024/12/31 ز تاقیکردنەوەکەی بەسەر خوێندکارانی قۆناغی دووەم (هۆبەی ب) جێبەجێ کرد کە ژمارەیان (20) خوێندکار بوو (نموونەی ڕوونی ڕێنماییەکان)، ئەمەش دوای ئەوەی بۆ توێژەر دەرکەوت کە هەمان بابەتەکانیان پێ وتراوەتەوە. دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکەش دەرکەوت کە سەرجەم برگەکانی تاقیکردنەوەکە ڕوونن و تێکڕای کاتی وەڵامدانەوەش (45)

خولەک بوو. دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامی خوێندکارانی نموونەی ڕوونی ڕێنماییەکان، توێژەر نمرەکانیانی بە شێوەی بەرەو نزمی ڕیز کرد، پاشان دابەشی کردن بەسەر دوو چیندا، و دواتر ناوەندی قورسی و هێزی جیاکردنەوەی بۆ هەر یەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەژمار کرد:

أ- هاوکۆلکەی گرانی: "بریتییە لە ڕێژەی ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە وەڵامی دروستی بڕگەکەیان داوەتەوە، و بڕی ئەم ڕێژەیەش پێی دەوترێت (هاوکۆلکەی گرانی)، تا ئەم بڕە زیاد بکات ئاماژەیە بۆ ئاسانی بڕگەکە، و تا کەمیش بکات بڕگەکە بە قورس دادەنرێت" (علام، 2014، 113). "تاقیکردنەوەی باش ئەو بڕگانە لەخۆ دەگرێت کە ڕێژەی قورسییان لە نێوان (0.20) و (0.80)دایە" (الظاهري، 1999، 129). بە بەکارهێنانی هاوکێشەی قورسی بۆ هەر یەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، دەرکەوت کە لە نێوان (0.30) و (0.60) دان.

ب- هێزی جیاکردنەوەی بڕگەکان: "بریتییە لە توانای بڕگەکە بۆ جیاکردنەوە لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی باڵا و نزم بۆ ئەو سیفەتەی کە تاقیکردنەوەکە پێوانەی دەکات" (القيسي، 2006، 173). توێژەر هاوکێشەی جیاکردنەوەی بڕگەی بەکارهێنا، کە بەکاردەهێنرێت کاتێک وەڵامی بڕگەکە دروست یان هەڵە بێت و یەک نمرە یان (سفر)ی پێ دەدرێت، بۆ هەژمارکردنی هێزی جیاکردنەوەی سەرجەم بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە و دەرکەوت کە لە نێوان (0.40) و (0.65) دان. "ئەگەر بەهای هاوکۆلکەی جیاکردنەوە (0.40) یان گەورەتر بێت، ئەوا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بڕگەکە بە پلەیەکی باش جیاکاری لە نێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا دەکات" (علام، 2014، 116).

پ- کارایی جێگرەوە هەڵەکان: "جێگرەوەی باش ئەو جێگرەوەیەیە کە ژمارەیەک لە خوێندکارانی کۆمەڵەی باڵا بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و بەپێچەوانەوەشەوە بە ناکارا دادەنرێت و پێویستە بسڕدرێتەوە" (عودة، 1999، 120). بۆیە وەڵامی خوێندکاران بۆ بڕگەکانی پرسیاری هەڵبژاردنی فرە جێگرەوە ڕیز کرا و دابەش کرا بەسەر دوو کۆمەڵەی باڵا و نزم، و دوای هەژمارکردنی کارایی جێگرەوە هەڵەکان دەرکەوت کە جێگرەوە هەڵەکان ژمارەیەکی زیاتر لە خوێندکارانی کۆمەڵەی نزمیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە بەراورد بە خوێندکارانی کۆمەڵەی باڵا، بۆیە بڕیار درا جێگرەوەکان وەک خۆیان بمێننەوە.

جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوتی: "هاوکۆلکەی جێگیری گرنگە لە بەراوردکردنی نێوان تاقیکردنەوەکاندا، چونکە نیشاندەرێکە بۆ یەککگرتوویی و نەگۆڕیی ئەوەی تاقیکردنەوەکە پێوانەی دەکات" (علام، 2014، 274). بۆ مەبەستی دڵنیابوون لە جێگیری تاقیکردنەوەکە بەپێی بڕگەکانی، توێژەر وەڵامی خوێندکارانی نموونەی ڕوونی ڕێنماییەکانی ڕاست کردەوە کە ژمارەیان (26) خوێندکار بوو. بۆ دڵنیابوون لە جێگیریی تاقیکردنەوەکەش، توێژەر هاوکێشەی (کودر-ڕیچاردسۆن)ی بەکارهێنا، کە ئەنجامی ورد دەدات بەدەستەوە لە تاقیکردنەوە بابەتییەکاندا، جێگیرییەکە گەیشتە (0.72)، بەمەش تاقیکردنەوەکە ئامادە بوو بۆ جێبەجێکردن لە شێوەی کۆتاییەکەیدا لەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

هەشتەم: ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە: دوای تەواوکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی تاقیکردنەوەکە، توێژەر لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2024/9/16 دەستی بە

جێبەجێکردنی کرد، و وانەوتنەوە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2024/12/19 کۆتایی هات. توێژەر شێوازێکی تایبەتی بۆ هەر کۆمەڵەیەک لە هەردوو کۆمەڵەی تاقیکاری و کۆنترۆڵ پەیڕەو کرد؛ کۆمەڵەی تاقیکاری بە بەکارهێنانی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان لە وانەوتنەوەدا، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵ بە بەکارهێنانی ڕێگای ئاسایی پەیڕەوکراو لە وانەوتنەوەدا. بەو پێیەی توێژەر خۆی مامۆستای بابەتەکە بوو لە کۆلێژ، ئەم بابەتە بووە هۆی ئاسانکاری جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە بە شێوەیەکی زۆر باش، لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە وپاراستنی نەێنی تاقیکردنەوەکە ونەرمی نواندن لە کۆنترۆڵکردنی خشتەی وانەکاندا بە جۆرێک تاقیکردنەوەکە لە ماوەی جێبەجێکردنیدا بە شێوەیەکی سروشتی بەڕێوەچوو بێ ئەوەی هیچ ڕێگریەک بێتە پێش کە کار بکاتە سەر لایەنە زانستی و هونەرییەکانی.

نۆیەم: جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی: توێژەر دوو ڕۆژ پێش کاتی دیاریکراو خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکەی ئاگادار کردەوە کە تاقیکردنەوەیەکیان بۆ ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی ئامادەکارییەوە هاوتا بن. تاقیکردنەوەکە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2024/12/19 لە کاتژمێر(9:30)ی بەیانی بەسەر خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی تاقیکاری و کۆنترۆڵدا جێبەجێ کرا. پرۆسەی چاودێریکردنەکە بە مامۆستایانی بەشەکە سپێردرا بۆ ئەوەی بۆ توێژەر ئاسان بێت بە نۆرە و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە سەرپەرشتی هەردوو کۆمەڵەکە بکات بە مەبەستی پاراستنی سەلامەتی تاقیکردنەوەکە، وپرۆسەی تاقیکردنەوەکەش بە شێوەیەکی سروشتی بەڕێوەچوو.

شێوازی ڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوە: وەڵامی خوێندکاران لەسەر بنەمای پێدانی یەک نمرە بۆ هەر وەڵامێکی دروست و سفر بۆ وەڵامی نادروست ڕاست کرایەوە. ئەو بڕگانەی جێێڵدراون وئەو بڕگانەی زیاتر لە یەک نیشانەیان بۆ دانراوە، وەک وەڵامی نادروست مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. لەسەر ئەم بنەمایە بەرزترین نمرەی تاقیکردنەوەکە (30) نمرە و نزمترین نمرە (سفر) بوو، کە لە ئەنجامدا بەرزترین نمرەی بەدەستهاتوو (30) بوو و نزمترینیش (5) بوو.

دەیەم: ئامرازە ئاماریەکان: توێژەر پشتی بەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە بەستووە: (هاوکۆڵکەی جیاکردنەوە - هاوکۆڵکەی قورسی - کارایی جێگرەوە هەڵەکان - هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن – تی تێست – کودر-ڕیچاردسۆن – هاوکێشەی قەبارەی کاریگەری "کۆهین") (عطية، 2001، 215).

بەشی چوارەم

خستنەڕووی ئەنجامەکان و لێکدانەوەیان

یەکەم:- خستنەڕووی ئەنجامەکان

1. خستنەڕووی ئەنجامەکانی پەیوەست بە تاقیکردنەوەی دەستکەوت: بە مەبەستی دڵنیابوون لە دروستی یەکەمین گریمانەی سفری کە توێژەر بۆ توێژینەوەکەی داینناوە و دەڵێت: (هیچ جیاوازییەکی ئاماری واتادار نییە لە ئاستی واتاداریی (0.05) لە نێوان تێکڕای دەستکەوتی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری کە بابەتی دەقە وێژەییەکانیان بەپێی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان خوێندووە، و تێکڕای دەستکەوتی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ

کە بابەتی دەقە وێژەییەکانیان بە ڕێگای ئاسایی-کلاسیکی خوێندووە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا).

دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامی هەردوو کۆمەڵەکە (تاقیکاری و کۆنترۆڵ) لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا، تووێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان ناوەندی هەردوو کۆمەڵەکە. کە تێیدا ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری گەیشتە (25.467) بە لادانی پێوانەیی (4.308)، لە کاتێکدا ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ گەیشتە (20.998) بە لادانی پێوانەیی (5.679).

ئەنجامەکان بوونی جیاوازییەکی ئاماریی واتاداریان نیشان دا لە نێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەی تووێزینەوەکە (تاقیکاری و کۆنترۆڵ)، بەو پێیەی دەرکەوت کە بەهای تی هەژمارکراو (2.986) گەورەترە لە بەهای تی خشتەیی کە بریتییە لە (2.023) لە ئاستی واتاداری (0.05) و بە نمرەی ئازادی (39). ئەمەش بەو واتایە دێت کە جیاوازییەکی ئاماری واتادار هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتیی پاشەکیدا ولە بەرژەوەندی کۆمەڵەی تاقیکاریە. ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری کە بابەتی دەقە وێژەییەکانیان بەپێی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان خوێندووە، بەرامبەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی (کلاسیکی) خوێندووە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتیی پاشەکیدا.

ئەنجامەکانی هەردوو کۆمەڵەی تووێزینەوەکە لە نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکیدا

کۆمەڵە	ژمارەی تاکەکانی نموونە	ناوەندی هەژماری	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	بەهای تی (t.test)		ئاستی واتاداری (0.05)
					هەژمارکراو	خشتەیی	
ئەزموونی	21	25.467	4.308	39	2.986	2.023	واتادارە
کۆنترۆڵکراو	20	20.998	5.679				

قەبارەی کاریگەری:

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی دەستکەوتی دەقە وێژەییەکان، تووێژەر هەستا بە هەژمارکردنی هاوکۆلکەی کۆهێن ئەنجامەکە وبەهاکەی برتیی بوو لە (0.956). بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئاستەکانی کۆهێن، دەردەکەوێت کە ئەم بەهایە ئاماژەیە بۆ قەبارەی کاریگەرییەکی گەورە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەری بەهێزی ستراتیژییەتی باخچەی بیرۆکەکان، کە بەکارهاتووە بۆ زیادکردنی ئاستی خوێندکاران لە بابەتی دەقە وێژەییەکاندا.

دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی پەیوەست بە بیرکردنەوەی ئاماژەیی

بە مەبەستی دڵنیابوون لە دروستی دووەمین گریمانەی سفری کە دەڵێت: (هیچ جیاوازییەکی ئاماریی واتادار نییە لە ئاستی واتاداریی (0.05) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری کە بابەتی دەقە وێژەییەکانیان بەپێی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان خوێندووە، و

ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کە بابەتی دەقە وێژەییەکانیان بە ڕێگای ئاسایی (کلاسیکی) خوێندووە لە پێوەری بیرکردنەوەی ئاماژەییدا).

دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامی هەردوو کۆمەڵەکە (تاقیکاری و کۆنترۆڵ) لە تاقیکردنەوەی پێوەری بیرکردنەوەی ئاماژەیی توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان ناوەندی هەردوو کۆمەڵەکە کە تێیدا ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری گەیشتە (15.20) بە لادانی پێوانەیی (5.164)، لە کاتێکدا ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ گەیشتە (11.03) بە لادانی پێوانەیی (6.839).

ئەنجامەکان بوونی جیاوازییەکی ئاماریی واتاداریان نیشان دا لە نێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (تاقیکاری و کۆنترۆڵ)، بەو پێیەی دەرکەوت کە بەهای تی-ی هەژمارکراو (5.571) گەورەترە لە بەهای تی خشتەیی کە بریتییە لە (2.023) لە ئاستی واتاداری (0.05) و بە نمرەی ئازادی (39). ئەمەش بەو واتایە دێت کە جیاوازییەکی ئاماری واتادار هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە لە پێوەری بیرکردنەوەی ئاماژەییدا ولە بەرژەوەندی کۆمەڵەی تاقیکاریی. ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری کە بابەتی دەقە وێژەییەکانیان بەپێی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان خوێندووە، بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی (کلاسیکی) خوێندووە لە پێوەری بیرکردنەوەی ئاماژەییدا. وە خشتەی (10) ئەمە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی (10): ئەنجامەکانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێوەری بەڵگەهێنانەوەی پاشەکیدا

کۆمەڵە	ژمارەی تاکەکانی نموونە	ناوەندی هەژماری	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	بەهای تی (t.test)		ئاستی واتاداری (0.05)
					هەژمارکراو	خشتەیی	
ئەزموونی	21	15.20	2.374	39	5.571	2.023	واتاداره
کۆنترۆڵکراو	20	11.03	2.236				

قەبارەی کاریگەری:

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی دەستکەوتی بیرکردنەوەی ئاماژەیی، توێژەر هەستا بە هەژمارکردنی هاوکۆلکەی کۆهێن ئەنجامەکە وبەهاکەی برتیی بوو لە (1.73). بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئاستەکانی کۆهێن، دەردەکەوێت کە ئەم بەهایە ئاماژەیە بۆ قەبارەی کاریگەرییەکی گەورە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەری بەهێزی ستراتیژییەتی باخچەی بیرۆکەکان کە بەکارهاتووە بۆ زیادکردنی ئاستی خوێندکاران لە بیرکردنەوەی ئاماژەییدا.

سێیەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان:

أ. لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەنجامەکانی گریمانەی یەکەمەوە، دەردەکەوێت پێشکەوتنی واتاداریی ئاماری هەیە بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری کە بە ستراتیژیی "باخچەی بیرۆکەکان" خوێندوویانە بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کە بە ڕێگای ئاسایی (کلاسیکی)

خوێندوویانە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشکیدا. توێژەر پێی وایە هۆکاری ئەم پێشکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1. ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان خوێندکار لە ڕۆڵی گوێگر و وەرگرەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕۆڵی ماموستا و هاندەر وئاراستەکار، ئەمەش هەستێکی ئەرێنی لای خوێندکارانی کۆمەڵەی تاقیکاری دروست کرد کە ئەوان سەرچاوەی گرنگی ئاڵوگۆڕی زانیارین لە نێوان خۆیاندا، ئەمەش کاریگەرییەکی ئەرێنیی لەسەر دەستکەوتیان هەبوو.

2. ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان کەشێکی فێرکاریی وای ڕەخساند کە تێیدا هەڵی فراوانکردنی ئاستی تێگەیشتنی خوێندکارانی تێدایە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی بەسەر پرۆسەی فێربووندا هەیە و ئامانجە خوازراوەکان بەدی دەهێنێت، کە دەبێتە هۆی چەسپاندنی فێربوون و لە ئەنجامدا بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران.

3. وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان، خوێندکار دەکاتە چەقی سەرەکی پرۆسەی فێرکاری، ئەمەش وا دەکات فێربوون لای خوێندکاران چێژبەخش وسەرنجڕاکێش بێت.

4. وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان، بەشدارە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی باڵا، کە هەل دەڕەخسێنێت بۆ خوێندکاران ئەزموونەکانیان چالاک بکەن و بیرکردنەوەیان فراوان بکەن ئەمەش وانەکە سەرنجڕاکێشتر و کارلێککارتر دەکات وڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران.

5. ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان کەشێکی پڕ لە دڵنیایی دروست دەکات لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لە نێوان خوێندکاراندا کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی پاڵنەریان بەرەو فێربوون.

6. ئەو ڕێکارانەی کە ماموستا لە ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکاندا پەیڕەویان دەکات جیاوازە لە ڕێگا ئاساییەکە، بەو پێیەی ئەم ستراتیژییە ڕەچاوی جیاوازییە تاکەکەسییەکانی نێوان فێرخوازان دەکات کە تێیدا خوێندکاران بەسەر کۆمەڵەی بچووکدا دابەش دەکرێن لە ئاستە جیاوازەکاندا. ئەم هەنگاوەش هەل دەدات بە خوێندکاران بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون لە نێوان خۆیاندا کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەنجامەکانی دەستکەوت دەبێت.

ب. لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەنجامەکانی گریمانەی دووەمەوە، پێشکەوتنی کۆمەڵەی تاقیکاری کە بە ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان خوێندوویانە بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کە بە ڕێگای ئاسایی (کلاسیکی) خوێندوویانە لە پێوەری پێوەری بیرکردنەوەی ئاماژەیی دەرکەوت. توێژەر پێی وایە هۆکاری ئەم پێشکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1. لەوانەیە ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان ژینگەیەکی گونجاوی لە پۆل ڕەخساندبێت دوور لە دڵەڕاوکێ و لە ئەنجامدا ئاراستەیان بەرامبەر بە بابەتی دەقە وێژەییەکان باشتر کردبێت.

2. ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان خوێندکاران هان دەدات بۆ دروستکردنی دیدگای جیاواز کە لەسەر بنەمای کاردانەوەی عەقڵی و بیرکردنەوە دامەزراوە.

3. وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژیی باخچەی بیرۆکەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی پاڵنەر و ئارەزوو بۆ وانەکانی بابەتی دەقە وێژەییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئاراستەی خوێندکاران بەرامبەر بە بابەتی دەقە وێژەییەکان.

4. وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان تیشک دەخاتە سەر زیادکردنی توانای بەڵگەهێنانەوە خوێندکاران بۆ بابەتی دەقە وێژەییەکان لە ڕێگەی کارلێکی نێوانیانەوە.

چوارەم: دەرەنجامەکان: لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەی ئێستادا، توێژەر گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1. بوونی کاریگەری ئەرێنی باخچەی بیرۆکەکان لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکاران بەراورد بە ڕێگا ئاساییەکە (کلاسیکی).
2. ستراتیژی باخچەی بیرۆکەکان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی بەراورد بە ڕێگا ئاساییەکە.

پێنجەم: ڕاسپاردەکان: لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

1. بەکارهێنانی ستراتیژی و ڕێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە، لە نێویاندا باخچەی بیرۆکەکان.
2. گرنگیدان بەو چالاکییانەی کە یارمەتیدەرن بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی لای خوێندکاران.
3. ئەگەری بەکارهێنانی باخچەی بیرۆکەکان لە وانەوتنەوەی بابەتەکانی تردا بۆ خوێندکارانی قۆناغی دووەم و قۆناغەکانی تر لەژێر ڕۆشنایی توانا بەردەستەکاندا.
4. تیشک خستنە سەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوە بە شێوەیەکی گشتی، و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ئاماژەیی بە تایبەتی.

شەشەم: پێشنیازەکان: وەک تەواوکەرێک بۆ توێژینەوەی ئێستا، توێژەر پێشنیازی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانەی خوارەوە دەکات:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا لەسەر خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی لە گۆڕاوی تردا.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا لەسەر بابەتی خوێندنی تر و قۆناغی خوێندنی تر.

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

1. خلیفانی، مەولود حەمەد نەبی. (١٩٨٩). ***چۆنیەتی وتنەوەی دەقە ئەدەبییە کوردییەکان***، گۆڤاری (ڕۆشتبیری نوێ) ژمارە (١٢٤) .
2. زەنگەنە، تەغرید ئەکرەم قاسم. (٢٠٢٤). ***کاریگەریی فێرکردنی بابەتی خوێندنەوەی کوردیی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بەگوێرەی ستراتیجییەتی (PQ4R) لە سەر دەستکەوت و گەشەپێدانی کارامەییەکانی دروستی و خێرایی خوێندنەوەیاندا*** .(ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە) زانکۆی بەغداد. کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان .
3. قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین. (٢٠٢٣). ***ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک***، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، کتێبخانەی سۆفیا، کۆیە.
4. قانع،هەورمان وریا (٢٠٢٥). ١٠١ ***ستراتیژی فێربوونی چالاک***، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشینی سەردەم.

5. ئەڵوەنی،نەجم خالید (2012). ***جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەمال غەریبدا***، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :

1. العفون، نادية حسين، وعبد الصاحب، منتهى مطشر. (2012). **التفكير انماطه ونظرياته واساليب تعليمة وتعلمة**، ط1. دار الصفاء للنشر والتوزيع. عمان- الاردن.
2. زاير، سعد علي و داخل، سماء تركي. (2015).**اتجاهات حديثة في تدريس اللغة العربية**. الدار المنهجية للنشر والتوزيع. بغداد.العراق.
3. ابراهيم ،عبد العليم. (1973). **الموجه الفني لمدرسي اللغة العربية** الطبعة السادسة .دارالمعارف،مصر.
4. ابو حطب فؤاد وصادق، امال. (1996).**علم النفس التربوي**، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.مصر.
5. احمد، مهاباد عبدالكريم. (2016). **اثر استرتيجتي التعلم التماثلي وتالف الاشتات في اكتساب المفاهيم الادبية لدى طلبة كلية التربية**، جامعة بغداد، كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية، مجلة الأستاذ، العدد (217). المجلد الثاني .
6. أمبو سعيدي، عبد الله بن خميس وبنت علي، هدى. (2016).**أستراتيجيات التعلم النشط 180 أستراتيجية مع الامثلة التطبيقية** . ط 1 .دار المسيرة للنشر والتوزيع .عمان ، الأردن .
7. البصير، گيان كامل. (٢٠٠١).**المهارات القرائية لدى الطلبة غير الناطقين باللغة الكردية وعلاقتها ببعض المتغيرات**،(أطروحة دكتوراه غير منشورة). جامعة بغداد، كلية التربية ابن رشد، بغداد، العراق.
8. التميمي، عواد جاسم. (2009) **المنهج وتحليل الكتاب**، مطبعة دار الحوراء، بغداد .العراق.
9. الجابري ، محمد محي الدين صادق.(1994). **قياس التفكير الاستدلالي لطلبة المرحلة المتوسطة** ، (رسالة ماجستير غير منشورة)، كلية التربية ابن رشد ، جامعة بغداد.
10. الجبوري، اطياف مردان حمزه. (2026). **فاعلية انموذج TASC في التحصيل وتنمية مهارات التفكير الابداعي عند طالبات الصف الخامس العلمي في مادة الادب والنصوص**، مجلة اكليل، المجلد (7)، العدد (1)، الجزء (3).
11. الجبوري، عمران جاسم والسلطاني،حمزة هاشم. (2013) **المناهج وطرائق تدريس اللغة العربية.** دارالرضوان، عمان.
12. الجلالي، لمعان مصطفى. (2011). **التحصيل الدراسي**، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الأردن.
13. الحارثي ، إبراهيم أحمد مسلم. (2006) **. أنواع التفكير** . ط 4، مكتبة الشقري. الرياض.
14. داود، عزيز حنا، و عبدالرحمن، أنور حسين. (١٩٩٠). **مناهج البحث التربوي**، دار الحكمة للنشر، بغداد.
15. الربيعي،نغم وسام. (٢٠١٨). **أثر استراتيجية حدائق الأفكار في تنمية مهارات الأداء التعبيرية لدى طالبات المرحلة الإعدادية** مجلة الفتح، العدد٧٤.
16. رزوقي، رعد، وعبدالكريم، سهى. (2013). **التفكير وانواعه (انماطه).** دار المسيرة للطباعة والنشر. بغداد.
17. الرفاعي، يوسف صبري. (2008). **مستوى الثقافة اللغوية لدى الطلبة المستجدين في جامعة القدس**، بحث منشور، مجلة اتحاد الجامعات العربية. العدد (51). عمان. الأردن.
18. زاير، سعد علي وداخل، سماء تركي. (٢٠١٥). **المهارات اللغوية بين التنظير والتطبيق**، دار المنهجية للنشر والتوزيع، عمان. الأردن،.
19. سعادة، جودة. (2011). **التعلم النشط بين النظرية والتطبيق** .دار الشروق للنشر والتوزيع . عمان.الاردن .
20. سويدان، سعادة حمدي، والزهيري، حيدر عبد الكريم محسن.(2018). **إتجاهات حديثة في التدريس في ضوء التطور العلمي والتكنولوجي**، الطبعة الاولى، الابتكار للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
21. السيد، علي محمد. (2000) **.مصطلحات في مناهج وطرق التدريس**، القاهرة، دار الفكر العربي.

22. الشمري، بشرى حمود حسن. (2002) **اثر توظيف النصوص الادبية في تدريس قواعد اللغة العربية في تحصيل طالبات المرحلة المتوسطة** . رسالة ماجستير غير منشورة . كلية التربية الجامعة المستنصرية .
23. صبري، ماهر إسماعيل.(1997). **الموسوعة العربية لمصطلحات التربية وتكنولوجيا**، مكتبة الرشد، الرياض.
24. عبد الرحمن، انور حسين، وزنكنة، عدنان حقي. (2007).**الانماط المنهجية وتطبيقاتها في العلوم الانسانية والتطبيقية**،ط1. دار الوفاق. بغداد.
25. عبد الهادي، نبيل وأبو حشيش، عبد العزيز، وبسندي، خالد عبد العزيز. (٢٠٠٣) **مهارات في اللغة والتفكير**، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان: الأردن.
26. عبيد، كوثر جاسم. (٢٠٢٠). **اثر استراتيجيتي ورقة الدقيقة الواحدة وجيكسو المطورة في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية والتفكير الاستدلالي** عند طلبة كلية تربية ابن رشد.مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية والاجتماعية. مجلد (59).عدد(4).
27. عطية، محسن علي. (٢٠٠٨). **الاستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال**، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان. الأردن.
28. عطية، محسن علي. (٢٠٠٩). **الجودة الشاملة والجديد في التدريس**، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان: الأردن.
29. علام ، صلاح الدين محمود. (2000). **القياس والتقويم التربوي والتفسي (اساسياته وتطبيقاته وتوجهاته المعاصرة)** ط1 .دار الفكر العربي .القاهرة . مصر .
30. علي، ژيان عبدالكريم. (٢٠١٠). **أثر استعمال ثلاث أساليب تقويمية في تحصيل قسم اللغة الكردية في مادة الادب**، مجلة الأستاذ . **جامعة بغداد، كلية التربية ابن رشد**. العدد 115.
31. علي، ژيان عبد الكريم، امين، فردوس علي. (2017). **أثر انموذج درايفر في تحصل مادة الادب القديم لدى طلبة قسم اللغة الكردية، جامعة بغداد، كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية، مجلة الأستاذ**، العدد (220)، المجلد الثاني .
32. خليل، صباح جليل. (2016). اثر الأسئلة السابرة في تحصيل مادة الادب لدى طلبة قسم اللغة الكردية في كلية التربية/ابن رشد للعلوم الإنسانية. **مجلة البحوث التربوية والنفسية**، مجلد (13) عدد(48).
33. علي، ژيان عبد الكريم. (٢٠٠٢). **أثرتدريس المحادثة بطريقة المناقشة في تحصيل طلبة قسم اللغة الكردية من غير الناطقين بها** (رسالة ماجستير غي منشورة) جامعة بغداد، كلية التربية ابن رشد، بغداد، العراق.
34. علي، سليم توفيق. (2011) **فاعلية العصف الذهني وحدائق الأفكار في تحصيل مادة الاحياء وتنمية التفكير الناقد والذكاءات المتعددة لدى طالبات الصف الخامس العلمي** (أطروحة دكتوراه غير منشورة) جامعة بغداد، كلية التربية للعلوم الصرفة /ابن الهيثم، بغداد.
35. كشاش، ازهار علوان. (2002).**اثر المعرفة المسبقة بالاهداف السلوكية في تحصيل طالبات الصف الرابع العام في مادة اللغة الكردية من غير الناطقات بها**،(رسالة ماحستير غير منشورة). جامعة بغداد، كلية التربيةابن رشد، بغداد، العراق.
36. الكناني، يسرى خلف جاسم. (٢٠٠٣). **أثر طريقة الاستقصاء في تحصيل قواعد اللغة العربية والاحتفاظ به لدى طالبات الصف الخامس الأدبي**. (رسالة ماجستير غير منشورة).جامعة بغداد، كلية التربية،بغداد. العراق.
37. محمود، صلاح الدين عرفه. (2006). **تفكير بلا حدود**، عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة، القاهرة،مصر
38. المصري،مصطفى مؤيد،خليل. (2022) **(أثر إستراتيجية مقترحة قائمة على نظرية أُصول النحو في اكتساب طلبة قسم اللغة العربية للمفاهيم النحوية وتنمية تفكيرهم الإستدلالي)**.جامعة الموصل /كلية التربية للعلوم الإنسانية رسالة غير منشورة، موصل .العراق.

39. ملحم، سامي محمد. (2000).**مناهج البحث في التربية وعلم النفس** ،دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ،عمان . الاردن.

40. النجدي، أحمد. (٢٠٠٥). **اتجاهات حديثة في تعليم العلوم في ضوء المعايير العلمية وتنمية التفكير**، ط1، دار الفكر العربي، مصر، القاهرة.

41. الهاشمي، طه علي. (2008). **استراتيجيات حديثة في فن التدريس**، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

Kurdish Sources in English:

1. Khalifani, Mawloud Hamad Nabi. (1989). How to recite Kurdish literary texts, magazine (Roshtbiri Nui) No. (124).
2. Zangana, Taghrid Akram Qasim. (2024). Effect of teaching Kurdish reading subject to fifth grade high school students according to the strategy (PQ4R) on the achievement and development of their reading accuracy and speed skills. (Unpublished master's thesis) University of Baghdad. Ibn Rushd College of Education for the Humanities.
3. Qadir, Ramazan Hamademin. (2023). Active Learning Strategies, 1st ed., Tehran Press, Sophia Library, Koya.
4. Qane, Hawrman Warya (2025). 101 Active Learning Strategies, 1st ed., Sardam Publishing House.
5. Alwani, Najm Khalid (2012). Types of Textual Attachments in Jamal Gharib's Fifth Book, Kamal Printing House, Sulaimani.

Arabic Sources in English:

1. Al-Afoun, Nadia Hussein, and Abdul-Sahib, Muntaha Mutashar. (2012). Thinking: Its Patterns, Theories, and Methods of Teaching and Learning, 1st ed. Dar Al-Safa for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
2. Zayer, Saad Ali, and Dakhel, Samaa Turki. (2015). Modern Trends in Teaching Arabic. Al-Manhajia Publishing and Distribution House, Baghdad, Iraq.
3. Ibrahim, Abdul-Aleem. (1973). The Technical Guide for Arabic Language Teachers, 6th ed. Dar Al-Maaref, Egypt.
4. Abu Hatab, Fouad, and Sadiq, Amal. (1996). Educational Psychology, Anglo-Egyptian Library, Cairo, Egypt.
5. Ahmed, Mahabad Abdul-Karim. (2016). The Effect of the Analogical and Disparate Learning Strategies on the Acquisition of Literary Concepts among Students of the College of Education, Al-Ustad Journal, Issue (217), Volume(2).
6. Ambu Saidi, Abdullah bin Khamis and Bint Ali, Huda. (2016). Active Learning Strategies: 180 Strategies with Practical Examples. 1st ed. Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution. Amman, Jordan.
7. Al-Basir, Gian Kamel. (2001). Reading Skills of Non-Kurdish Speakers and Their Relationship to Some Variables (Unpublished Doctoral Dissertation). University of Baghdad, Ibn Rushd College of Education, Baghdad, Iraq.
8. Al-Tamimi, Awad Jassim. (2009). Curriculum and Textbook Analysis. Dar Al-Hawraa Press, Baghdad, Iraq.

9. Al-Jabri, Muhammad Muhi Al-Din Sadiq. (1994). Measuring Reasoning Skills of Intermediate School Students (Unpublished Master's Thesis). Ibn Rushd College of Education, University of Baghdad.
10. Al-Jubouri, Atiaf Mardan Hamza. (2026). The Effectiveness of the TASC Model in Achievement and Developing Creative Thinking Skills among Fifth-Grade Science Students in Literature and Texts, Ikleel Journal, Volume (7), Issue (1).
11. Al-Jubouri, Imran Jassim and Al-Sultani, Hamza Hashim. (2013). Curricula and Methods of Teaching Arabic. Dar Al-Radwan, Amman.
12. Al-Jalali, Lamaan Mustafa. (2011). Academic Achievement. Dar Al-Masirah for Publishing, Distribution and Printing, Amman, Jordan.
13. Al-Harthi, Ibrahim Ahmed Muslim. (2006). Types of Thinking. 4th Edition, Al-Shuqairi Library, Riyadh.
14. Daoud, Aziz Hanna and Abdulrahman, Anwar Hussein. (1990). Educational Research Methods. Dar Al-Hikma for Publishing, Baghdad.
15. Al-Rubaie, Nagham Wissam. (2018). The Impact of the Ideas Gardens Strategy on Developing Expressive Performance Skills among Preparatory School Students. Al-Fath Journal, Issue 74.
16. Razouqi, Raad, and Abdulkarim, Suha. (2013). Thinking and its Types (Patterns). Dar Al-Masirah for Printing and Publishing. Baghdad.
17. Al-Rifai, Yousef Sabri. (2008). The Level of Linguistic Culture among New Students at Al-Quds University, published research, Journal of the Association of Arab Universities, Issue (51). Amman, Jordan.
18. Zayer, Saad Ali, and Dakhel, Samaa Turki. (2015). Linguistic Skills: Between Theory and Practice. Dar Al-Manhajiyya for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
19. Saada, Jawda. (2011). Active Learning: Between Theory and Practice. Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
20. Sweidan, Saada Hamdi, and Al-Zuhairi, Haider Abdulkarim Mohsen. (2018). Modern Trends in Teaching in Light of Scientific and Technological Development, First Edition, Al-Ibtikar for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
21. Al-Sayed, Ali Muhammad. (2000). Terms in Curricula and Teaching Methods, Cairo, Dar Al-Fikr Al-Arabi.
22. Al-Shammari, Bushra Hamoud Hassan. (2002). The Impact of Employing Literary Texts in Teaching Arabic Grammar on the Achievement of Intermediate School Students. Unpublished Master's Thesis. College of Education, Al-Mustansiriya University.
23. Sabri, Maher Ismail. (1997). The Arabic Encyclopedia of Educational and Technological Terms, Al-Rushd Library, Riyadh.
24. Abdul Rahman, Anwar Hussein, and Zangana, Adnan Haqqi. (2007). Methodological Patterns and Their Applications in the Humanities and Applied Sciences, 1st ed. Dar Al-Wifaq, Baghdad.
25. Abdul Hadi, Nabil, Abu Hashish, Abdul Aziz, and Basandi, Khalid Abdul Aziz. (2003). Skills in Language and Thinking, Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

26. Obaid, Kawthar Jassim. (2020). The Effect of the One-Minute Paper and the Developed Jigsaw Strategies on the Achievement of Kurdish Grammar and Reasoning Skills among Students of Ibn Rushd College of Education. Al-Ustad Journal for Humanities and Social Sciences. Volume (59). Issue(4).
27. Attia, Mohsen Ali. (2008). Modern Strategies in Effective Teaching. Safaa Publishing and Distribution House, Amman, Jordan.
28. Attia, Mohsen Ali. (2009). Total Quality and Innovation in Teaching. Safaa Publishing and Distribution House, Amman, Jordan.
29. Allam, Salah al-Din Mahmoud. (2000). Educational Measurement, Evaluation, and Interpretation (Its Fundamentals, Applications, and Contemporary Directions). 1st Edition. Dar al-Fikr al-Arabi, Cairo, Egypt.
30. Ali, Zhian Abdulkarim. (2010). The Effect of Using Three Evaluation Methods on the Achievement of Kurdish Language Department Students in Literature. Al-Ustad Journal. University of Baghdad, Ibn Rushd College of Education. Issue 115.
31. Ali, Zhian Abdulkarim, Amin, Firdous Ali. (2017). The Impact of the Driver Model on the Achievement of Classical Literature among Students of the Kurdish Language Department, University of Baghdad, Ibn Rushd College of Education for Human Sciences, Al-Ustad Journal, Issue (220), Volume (2).
32. Khalil, Sabah Jalil. (2016). The Impact of Probing Questions on the Achievement of Literature among Students of the Kurdish Language Department at the College of Education/Ibn Rushd for Human Sciences. Journal of Educational and Psychological Research, Volume(13)Issue (48)
33. Ali, Zhian Abdul Karim. (2002). The Impact of Teaching Conversational Studies Using the Discussion Method on the Achievement of Non-Native Kurdish Language Students (Unpublished Master's Thesis), University of Baghdad.
34. Ali, Salim Tawfiq. (2011). The Effectiveness of Brainstorming and Idea Gardens in the Achievement of Biology and the Development of Critical Thinking and Multiple Intelligences among Fifth-Grade Science Students (Unpublished Doctoral Dissertation), University of Baghdad, Ibn Al-Haytham College of Education for Pure Sciences, Baghdad.
35. Kashash, Azhar Alwan. (2002). The effect of prior knowledge of behavioral objectives on the achievement of fourth-grade female students in the Kurdish language subject from non-native speakers, (Unpublished Master's Thesis).
36. Al-Kinani, Yusra Khalaf Jassim. (2003). The Effect of the Inquiry Method on the Acquisition and Retention of Arabic Grammar Rules among Fifth-Grade Literary Students. (Unpublished Master's Thesis). University of Baghdad, College of Education, Baghdad, Iraq.
37. Mahmoud, Salah al-Din Arafa. (2006). Thinking Without Limits. Alam al-Kutub for Publishing, Distribution, and Printing, Cairo, Egypt.
38. Al-Masri, Mustafa Mu'ayyad Khalil. (2022). The Effect of a Proposed Strategy Based on the Theory of Grammar Principles on the Acquisition of Grammatical Concepts and the Development of Reasoning Thinking among Arabic Language Department Students. University of Mosul, Unpublished Thesis, Mosul, Iraq.

39. Malham, Sami Muhammad. (2000). Research Methods in Education and Psychology. Dar al-Masirah for Publishing, Distribution, and Printing, Amman, Jordan.
40. Al-Najdi, Ahmad. (2005). Modern Trends in Science Education in Light of Scientific Standards and the Development of Thinking. 1st ed. Dar al-Fikr al-Arabi, Cairo, Egypt.
41. Al-Hashemi, Taha Ali. (2008). Modern Strategies in the Art of Teaching, Dar Al Shorouk for Publishing and Distribution, Amman.

The Effect of the (Gardens of Ideas) Strategy on Achievement and the Development of Inferential Thinking among Second-Year Students in the Department of Kurdish Language in Literary Texts

Keywords: Gardens of Ideas, achievement in literary texts, , inferential thinking

Summary:

The aim of this study was to investigate the effect of the Gardens of Ideas strategy on students' achievement in literary texts and the development of their inferential thinking among second-year students in the Department of Kurdish Language. To achieve the research objective, the researcher formulated a null hypothesis and adopted a quasi-experimental design with two groups: an experimental group taught using the Gardens of Ideas strategy, and a control group taught the same material using the conventional method. A post-test was administered to measure academic achievement.

The research population consisted of second-year students in the Department of Kurdish Language, College of Education – Ibn Rushd for Human Sciences, University of Baghdad, during the academic year 2024–2025. The researcher deliberately selected the stage and subject of literary texts for the experiment, choosing two sections purposively: Section (A), with 21 students, represented the experimental group, while Section (B), with 20 students, represented the control group.

To verify the research objective and hypothesis, the researcher prepared an achievement test comprising 30 multiple-choice items. The test was validated for face and content validity, item difficulty, discrimination power, and distractor effectiveness. Reliability was established using the Kuder–Richardson Formula (KR-20).

Among the findings reached by the study is the presence of a positive effect of the "Idea Gardens" strategy in enhancing students' academic achievement compared to the traditional method, as well as in fostering students' inferential thinking.

اثر استراتيجية (حدائق الأفكار) في تحصيل وتنمية التفكير الاستدلالي عند طلبة المرحلة الثانية في قسم اللغة الكُردية في مادة النصوص الأدبية

م.م. رونك غازي محمد المندلاوي
كلية التربية ابن رشد – جامعة بغداد
Gmail ronak.ghazi@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

الكلمات المفتاحية: حدائق الأفكار، تحصيل النصوص الأدبية، التفكير الاستدلالي

الملخص:

هدف البحث الى معرفة أثر استراتيجية حدائق الأفكار في تحصيل مادة النصوص الأدبية لطلبة المرحلة الثانية في قسم اللغة الكردية وتنمية تفكيرهم الاستدلالي، وللتحقق من هدف البحث صاغت الباحثة فرضية صفرية، واعتمدت التصميم التجريبي ذي الضبط الجزئي لمجموعتين تجريبة وضابطة، مجموعة تجريبية درست المادة وفق استراتيجة حدائق الأفكار ومجموعة ضابطة درست المادة نفسها بحسب الطريقة الاعتيادية وبأختبار بعدي للتحصيل الدراسي.

اشتمل مجتمع البحث طلاب وطالبات المرحلة الثانية في قسم اللغة الكردية كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية/ جامعة بغداد للعام الدراسي (2024-2025). واختارت الباحثة قصدا المرحلة الثانية ومادة النصوص الأدبية لاجراء التجربة واختارت منها بالأسلوب القصدي شعبتين، مثلت الشعبة (أ) البالغ عدد طلابها (21) المجموعة التجريبية والشعبة (ب) البالغ عدد طلابها (20) المجموعة الضابطة. وللتحقق من هدف البحث وفرضيته، اعدت الباحثة اختباراً تحصيلياً بلغ عدد فقراته (30) فقرة من نوع الاختبار المتعدد.

ومن النتائج التي توصل اليها البحث، وجود تأثير إيجابي لاستراتيجية (حدائق الأفكار) في رفع التحصيل الدراسي للطلاب مقارنة بالطريقة الاعتيادية وتنمية التفكير الاستدلالي لدى الطلبة.